


# گەڕانەوە بۆ بەغدا و کای کۆن بەباکردن






## غەفوور مەخمووری

**سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان** YNDK

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی عێراق جارێکی دیکە کورد گەڕایەوە بەغدا و، بەنیازە لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا بەشدار بێتەوە، بینیمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کەوا لایەنە عێراقییەکان چۆن سەرۆکی کۆماری عێراقیان هەڵبژارد، کەوا بەدەر بوو لە سازانی کوردستانی، لە خولەکانی ڕابردووی سەرۆک کۆماردا هەمیشە پەیڕەوی

سازانی نیشتمانی کوردستانی دەکراو لایەنە کوردستانییەکان بەیەکەوە پاڵێوراوێکیان دەپاڵاوت بۆ سەرۆك کۆماری عێراق، بەڵام شێوازی ئەمجارە وایکرد، کەوا ئەم سازانە کوردستانییە نەمێنێت و لایەنە عێراقییەکان و کەسانی دیکە لە جیاتی گەلی کوردستان بڕیاربدەن کە کێ بکەن بە سەرۆك کۆماری عێراق، بێگومان ئەمەش پێشینەیەکی باش نییە بۆ داهاتوو، (من وەك خۆم باوەڕم بە عێراق نییە و باوەڕم بە هیچ دەسەڵاتێکی رابردووی عێراق نەبووە و باوەڕم بەهیچ دەسەڵاتێکی ئێستا و ئایندەی عێراقیش نابێت)، بەڵام لەو روانگەیەی کە تا ئێستاش ئێمەی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراقدا ماوینەتەوە، پێویستە لەسەر تەواوی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە کوردستان و عێراق سازانی نیشتمانی کوردستانیمان هەبێت.

بێگومان دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کۆمار، بەڕێز عادل عەبدولمەهدی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق راسپێردراوە، لە رۆژانی داهاتوودا پێکهێنانی ئەو حکومەتە لەلایەن عەبدولمەهدی-یەوە دەبینین، بێگومانم لەوەی کەوا دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆکانی پێشووی (عەلاوی و جەعفەری و مالیکی و عەبادی) یەو هیچی دیکە، واتە کای کۆن بەباکردنە، نەك دەوڵەتداری و بیناکردنی حکومەتێکی دامەزراوەیی و سیستماتیك و مۆدێرن..

لە عێراقدا خەڵك کێشەی گۆڕینی دەم و چاوەکانی نییە، بەڵکو کێشەی سەرەکیی خەڵکی عێراق گۆڕینی عەقڵییەت و شێوازی بیرکردنەوەیە، گۆڕینی شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ پێکهاتەکانی لە چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراقدا، کێشەی خەڵکی عێراق ئەوەیە کەوا پێکهاتەیەك دەبێتە کوێخاو خۆی دەکاتە دەمراستی هەموو لایەك و بە چاوی هاووڵاتیی پلە دوو سەیری پێکهاتەکانی دیکە دەکات، ئەمەش وای کردووە کێشەکانی عێراق بەردەوام بن و بێچارەسەر بمێننەوە.

گەڕانەوەی کورد بۆ بەغدا و بەشداربوونەوەی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بەو رەوشەی ئێستای کەوا زۆربەی لایەنە کوردستانییەکان لەگەڵ یەك ناکۆکن و سازانی کوردستانی وەك جاران نەماوە، ئەوە وادەکات کورد لە بەغدا بە لاوازی سەیر بکرێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨، بەغدا بە چاوی کاراکتەرێکی لاواز و پێکناکۆك لە کورد دەڕوانێت، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری عێراقیش بەم شێوازەی ئێستا وایکردووە لایەنە عێراقییەکان بە چاوێکی نزمتر لە جاران سەیری کورد بکەن، بۆیە پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەڵوەستەی جددی لەسەر ئەم خاڵانە بکات، ئنجا بەشداری حکومەتی داهاتووی عێراق بکات.

ئەگەر کورد وەك جارانی پێشوو بێ سوود وەرگرتن لە رابردوو ئەمجارەش بەم رەوشەی ئێستای لەم حکومەتەی عێراقدا بەشداربێت، ئەوا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، لەبەرئەوەی سەرکردایەتیی کورد لە کاتی رووخانی رژێمی پێشووی عێراق لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا لە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا بەشدار دەبێت و، بەردەوام لە دانوستان و گفتوگۆدایە بۆ وەدەستهێنانی خواستەکانی گەلی کوردستان، کەچی تائێستا پرسەکان بە هەڵواسراوی ماونەتەوەو چارەسەر نەکراون. کاتی خۆی عەلاوی چارەسەری دۆسیەی کوردی بۆ جەعفەری بەجێهێشت، جەعفەری دۆسیەی کوردی بۆ مالیکی بەجێهێشت، هەموو لایەکیش دەزانین مالیکی لە جیاتی چارەسەر دۆسیەکەی پرکێشەو ئاڵۆزتر کردو بۆ عەبادی بەجێهێشت، عەبادییش گۆڵمەزێکی ناوەتەوە، کێشەکانی قووڵتر کردۆتەوەو بۆ عادل عەبدولمەهدی بەجێدەهێڵێت، دڵنیابن عەبدولمەهدیش بۆ ئەوەی دوای خۆی بەجێی دەهێڵێت، واتە ئەم یارییە سەرەتای هەیە و کۆتایی نییە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هیچی دیکە کات بەفیڕۆ نەدات و بەو دەستی دەستییە رازی نەبێت و، بەراوێژ لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بڕیاری نەتەوەیی و نیشتمانی و یەکلاکەرەوەی خۆی بدات و، بە زووترین کات ئەنجومەنێکی سیاسی لە تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکبهێنێت و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق ئەو ئەنجومەنە بڕیاربدات، نەك هەر کەس و لایەنێك چی بخوازێت ئەوە بکات، پرسی ئێمە لەگەڵ

بەغدا پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، بۆیە پێویستیمان بە کۆدەنگی هەیە، نەك کەسانێك بە ئارەزووی خۆیان و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بازرگانی بەم پرسە بکەن.

ئەو رەوشەی ئێستا کەوا کوردی تێدایە، لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەخوازێت سوودی لێوەربگرێت و لەدەستی نەدات و، بەهاوکاری و پشتیوانیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەنجومەنی سیاسی، یا بەرەیەکی فراوانی کوردستانی پێکبهێنێت و هیچ لایەنێك پەراوێز نەخات، لەبەرئەوەی هەموو لایەکمان دڵسۆزیی بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەبینین کەوا چۆن بەرەڤانی لە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان دەکەن و پشتیوانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانن، هەقە لەمەودوا سەرکردایەتیی کوردستان ئەمە بە هەند وەربگرێت و چاو بەهەڵوێست و سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوەو زیاتر ناوەندی سیاسیی کوردستان رێبکخاتەوە و بەهێزی بکات و، قسەو بیروڕاو بۆچوونی ولاتپارێزو دڵسۆزانیش بەبایەخەوە وەربگرێت و بەسینگێکی فراوانیشەوە بەپیر رەخنە و گازندەکانی خەڵکەوە بچێت و لەخەمی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵکدا بێت، ئەوەی کە بۆ ئەملاو ئەولای دەکات با بۆ خەڵکی کوردستانی بکات، ناعەدالەتی و پەراوێزخستن لە کوردستان هەیە، ئەمە واقیعێکە و پێویستە دانی پێدابنێین و، کار بۆ نەمانی ئەو دیاردانە بکەین، لەم رەوشەدا پێویستە بەگیانێکی کوردستانییانە کار بکەین و راوێژی تەواو لەنێوان هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکاندا هەبێت، بێگومان ئەگەر بەو ئاراستەیە کار نەکەین لە ناوخۆی کوردستان و لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش بە لاوازی سەیر دەکرێین.


لێرەدا جارێکی دیکەش جەخت دەکەمەوە سەر ئەوەی کەوا پێویستە هەموو لایەکمان لەم قۆناخ و رەوشە هەستیارو ناسکەدا جلی حزبایەتی فڕێبدەین و جلی کوردایەتی بپۆشین، لەبەرئەوەی ئەو هەڕەشانەی کە هەن لەسەر کوردن، نەك ئەم حزب و ئەو حزب. کە دەمانکوژن، ناپرسن: کام حزبن؟ بەڵکو کە سەیردەکەن کوردین بە چاوێکی دیکە سەیرمان دەکەن و دەمانکوژن.

بە درێژایی مێژوو پرسی ئێمە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە، لە رابردوودا دەسەڵاتدارانی عێراق بەردەوام هەوڵیانداوە کورد وەکو نەتەوە بە خاك و خەڵکەوە نەهێڵن، ئەمڕۆش بە هەمان شێوە دەسەڵاتدارانی عێراق چاویان بە پێشکەوتنەکانی گەلی کوردستان هەڵنایەت و شەڕی کورد و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەکەن، لە هەوڵی لاوازکردن و سنووردارکردنی دەسەڵاتی کوردستاندان، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمانە کەوا بەخۆماندا بچینەوەو سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی پێڕەو بکەین و کار بۆ نەتەوەو نیشتمان بکەین، نەك حزب، پێویستە حزب بکەینە هۆکارێك بۆ خزمەتکردنی گەلی کوردستان، نەك گەلی کوردستان بخەینە خزمەتی حزب.

لایەنە عێراقییەکان سەرەڕای ناکۆکیی نێوانیان هەموویان لەسەر لاوازکردنی پێگەی کورد یەکهەڵوێستن و بەردەوام کار لەسەر ناکۆکی و دووبەرەکیی لایەنە کوردستانییەکان دەکەن، بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە هەوڵبدەن پێگەی کورد لاواز و بێکاریگەر بکەن، بێگومان باشترین چەکی ئێمەش بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم پیلانە یەکڕیزی و یەکدەنگیمانە، بێگومان یەکدەنگی و یەکڕیزیمان دەبێتە چەکی کاریگەرو فاکتەری سەرەکیی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانمان و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکان .

کارکردنی هەموو لایەکمان بەو ئاراستەیەی کە باسمان کرد، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان زیاتر دەکەنە جێی ئومێدی جەماوەرو بوونێکی کاریگەریشمان دەبێ لە ناوەندی سیاسی و هەمیشە بە بایەخەوە لە هەڵوێست و کارەکانمان دەڕوانری و، عێراق و ولاتانیش بەردەوام بیرو بۆچوونەکانمان بە هەند وەردەگرن و مامەڵەیەکی گونجاوترمان لەگەڵ دەکەن، بەدەر لەمە هەموو لایەکمان زیانمەند دەبین و لە رەوتی نیشتمانی و نەتەوەیی دەردەچین، بۆیە پێویستە بە وریاییەوە هەنگاو بەرەو یەکدەنگی و یەکڕیزی بنێین و، ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەموو لایەکمان کارمان بنیادنانە، نەك تێکدان.

# کوردستان لە چاوەڕوانیی پەرلەمانێکی سەقامگیر و حکومەتێکی بەهێزدا





چەند رۆژێك لەمەوپێش كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی كوردستان رێژەی ٨٥٪ی ئاكامە بەراییەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی راگەیاند، بەپێی ئەم ئاكامە سەرەتاییانە پارتی دیموكراتی كوردستان لە كۆی ١٠٠ كورسی پەرلەمان، ٤٤ كورسی بەدەست هێناوە، دەكرێت لەسەر ئەم ژمارەیە ئومێدی ئەوە هەڵبچنرێت كە دەبێتە هەوێنێكی باش بۆ سەقامگیریی پەرلەمان و پێكهێنانی كابینەی نۆیەم وەك حكومەتێكی بەهێز كە لە ئاستی خواست و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریی بنەڕەتی بۆ تەواوی خەڵكی كوردستان بێت.

دیدو تێڕوانینی پارتی بۆ حوكمڕانی و بەڕێوەبردنی كوردستان، دیدێكی گشتگیرانەیە و دەزانێت كە ئەم ئەركە قورسە و پێویستی بەوە هەیە، هەموو لایەنە سیاسییەكانی كوردستان شانی بدەنەبەرو پێكەوە بۆ سەرخستنی ئەم ئەركە نیشتمانییە قورسە هاوكاربن، ئەوجا ئەگەر چەند لایەنێك پێكەوە حكومەت دروست بكەن، یان چەند لایەنێك پێكەوە ئۆپۆزسیۆن بن، ئەوا ئەمە هیچ لە پرۆسەكە ناگۆڕێت و هەوڵی هەردوو لایەنی ئۆپۆزسیۆن و حكومەت دەبنە تەواوكاری یەكتری لە پرۆسەی حوكمڕانیدا.

كێشەی سەرەكیی پرۆسەی حوكمڕانی لەماوەی ٢٦ ساڵی رابردوو ئەوە بووە كە سیاسەت و بیركردنەوەی حزبی زاڵ بووە بەسەر سیاسەت و بیركردنەوەی دەوڵەتمەداریدا، راشكاوانەتر حزبە سیاسییەكانی بەشدار لە پەرلەمان و حكومەتدا هێندەی چاویان لە سندوقی هەڵبژاردنی داهاتوو بووە، هێندە هەوڵەكانیان بۆ ئایندەی كوردستان یەكنەخستبوو، بەڵام ئەمجارە كە خەڵكی كوردستان هاوكێشەیەكی سیاسیی تازەی دروستكردووە، ئەوا ئەو لایەنەی كە خەڵكی كوردستان زۆرترین متمانەی پێ بەخشیووە، دەبێت ئەو هاوكێشەیە پێچەوانە بكاتەوە و بیركردنەوە و ئەقڵییەتی دەوڵەتمەداری بەسەر بیركردنەوەی سیاسەتی حزبیدا زاڵ بكات.

ئەم وەرچەرخانە لە بیركردنەوەی حزبییەوە بۆ بیركردنەوەی دەوڵەتمەداری، بەپلەی یەكەم دەبێت لە تێڕوانین و ستراتیژیەتی پارتیدا بۆ بەرنامەی حكومەت و شێوازی كاركردنی فراكسیۆنەكەی لەپەرلەمانی كوردستاندا هەر لەسەرەتاوە و لەگەڵ دەستپێكی دانوستاندنەكان بۆ پێكهێنانی حكومەتی داهاتوو رەنگدانەوەی هەبێت و خەڵكی كوردستان تێكڕا هەست بەو وەرچەرخانە بكەن و راشكاوانە لە ستراتیژیەت و بەرنامەی حوكمڕانیی پارتی تێبگەن. ئەمەش راشكاوانە مانای ئەوەیە دەبێت شێوازی دانوستاندن و هاوپەیمانیی پارتی دیموكراتی كوردستان لە هەوڵدان بۆ رازیكردنی حزبە سیاسییەكان بە هەر نرخێك بێت، بگۆڕێت بۆ رازیكردنی خەڵكی كوردستان و زەمینە رەخساندن بۆ جێبەجێكردنی داخوازییە رەواكانیان بە هەر نرخێك بێت.

خاڵی سەرەكی بۆ تێگەیشتی تێكڕای خەڵكی كوردستان لە ستراتیژیەت و بەرنامەی پارتی بۆ حوكمڕانی لەو خاڵەوە دەستپێدەكات، كە حزبە سیاسییەكان ناچار بكات، دروشمی پۆپۆلیستییانە بگۆڕن بۆ سیاسەتی واقیعییانەی خزمەتی خەڵكی كوردستان، هەر بۆ نموونە تێكڕای حزبە سیاسییەكانی كوردستان چەند دروشمێكی بریقەداری ناواقیعییان كردۆتە وێردی سەر زمانیان، لەوانە: هەموویان بانگەشە بۆ (دژایەتیكردنی گەندەڵی، رێگرتن لە قۆرخكاریی دەسەڵات، رێگرتن لە دەستی حزب لە ناو حكومەتدا و.. هتد) دەكەن. پرسیاری گرنگ بۆ هەموو حزبەكان ئەوەیە، چۆن گەندەڵی ریشەكێش دەكرێت؟ چۆن رێگە لە قۆرخكاریی دەسەڵات دەگیرێت و چۆن دەستی حزب لەناو حكومەت كەم دەكرێتەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە و پرسیارەكانی هاوشێوەی ئەم پرسیارانەش، پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ ناو فیكری دەوڵەتداری و بیركردنەوەی دەوڵەتمەدارانە و پێناسە و مانای دەوڵەت و حوكمڕانی، لەسەر ئەم بنەمایە بەراوردكارییەكی زۆر جددییانەی پرۆسەی حوكمڕانیی سەركەوتوو و پرۆسەی حوكمڕانیی شكستخواردوو لەگەڵ پرۆسەی حوكمڕانی لە كوردستاندا بكەین.

ئەگەر ئەمە بكەینە دەروازەی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی حوكمڕانیی كوردستان لە ساڵانی رابردوو و ئامانجی هەموو لایەك ئەوە بێت

**دیدو تێڕوانینی پارتی بۆ حوكمڕانی و بەڕێوەبردنی كوردستان، دیدێكی گشتگیرانەیە و دەزانێت كە ئەم ئەركە قورسە و پێویستی بەوە هەیە، هەموو لایەنە سیاسییەكانی كوردستان شانی بدەنەبەرو پێكەوە بۆ سەرخستنی ئەم ئەركە نیشتمانییە قورسە هاوكاربن**

**ئەو لایەنەی كە خەڵكی كوردستان زۆرترین متمانەی پێ بەخشیووە، دەبێت ئەو هاوكێشەیە پێچەوانە بكاتەوە و بیركردنەوە و ئەقڵییەتی دەوڵەتمەداری بەسەر بیركردنەوەی سیاسەتی حزبیدا زاڵ بكات**

**دەبێت شێوازی دانوستاندن و هاوپەیمانیی پارتی دیموكراتی كوردستان لە هەوڵدان بۆ رازیكردنی حزبە سیاسییەكان بە هەر نرخێك بێت، دەبێت بگۆڕێت بۆ رازیكردنی خەڵكی كوردستان و زەمینە رەخساندن بۆ جێبەجێكردنی داخوازییە رەواكانیان بە هەر نرخێك بێت**

هەڵەکانی پرۆسەی حوکمڕانیی ساڵانی رابردوو لەم پەرلەمان و حکومەتەدا راست بکەینەوە، ئەوا ناچار دەبین بەدوای ئەو هۆکارانە بگەڕێین کە بوونە هۆکاری ئەزموونە سەرکەوتووەکان و هۆکاری شکستی ئەزموونە شکستخواردووەکان لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا.

جێگەی داخە لە مێژووی ئەم ١٠٠ ساڵەی پرۆسەی حوکمڕانیدا لەنێوان تەواوی نەتەوەکانی جیهاندا، رێژەی حوکمڕانیی شکستخواردوو لەناو وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، یان وڵاتانی دوای شەڕدا، زۆر لە رێژەی حوکمڕانیی سەرکەوتوو زیاترە، فاکتەری سەرەکی بۆ شکستی حوکمڕانییش بەشێوەیەکی گشتی تەنیا بوونی گەندەڵیی سیاسی بووە کە ئەمیش دەرەنجامی بێباکی و نابەرپرسیاریەتی حزبە سیاسییەکانیان بووە، لەبەرامبەردا هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنی ئەزموونە سەرکەوتووەکان، رۆڵی ئەو حزبە سەرەکییە بووە کە خەڵکەکەی متمانەی پێ بەخشیووە و ئەو حزبە سەرەکییە توانیویەتی تێگەیشتنێکی تەواو لەنێوان خۆی و خەڵکەکەی لەسەر ستراتیژیەت و بەرنامەی حوکمڕانییەکەی دروست بکات، بەمەش جۆرێك لەبەرچاوڕوونی بۆ خەڵکەکەی خۆی دروستکردووە کە ببنە هاوبەش و پشتیوانی حزبە سەرەکییەکە و رێگە نەدەن ئەو زەمینەیە دروست بێت کە حزبە سیاسییەکان نابەرپرسیارانە سەقامگیریی پەرلەمان تێکبدەن، یان سەقامگیریی سیاسی بشێوێنن. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، ئەگەر سەیری ئەزموونە سەرکەوتووەکانی هاوشێوەی (ژاپۆن و تایوان و سنگافورا و کۆریای باشوور و پتسوانا و چیلی ) بکەین، دەبینین هەموویان بەرهەمی سەقامگیری سیاسین، نەك شتێکی دیکە، لەبەرامبەریشدا ئەگەر سەیری ئەزموونەکانی تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بکەین، دەبینین شکستی هەموو پرۆسەکانی حوکمڕانی، نەبوونی ئەو تێگەیشتنەیە لەنێوان خەڵکەکەی و حزبی سەرەکیدا کە سەرەنجام ناسەقامگیریی سیاسی دروست بووە و حزبی سەرەکییش نەیتوانیوە ئەو ناسەقامگیرییە بگۆڕێت بۆ سەقامگیری لە رێگەی تێگەیشتنی گەلەکەیەوە، ئەوا رێگەی تاکڕەوی گرتووە و بەرەو دیکتاتۆریەت ملی ناوە، بەپێی بۆچوونی بەشی زۆری ئەو ئەکادیمی و توێژەرانەشی کاریان لەسەر شێوازی حوکمڕانیی دەوڵەتانی عەرەبی ئیسلامی کردووە، هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی دیکتاتۆریەت ئەوە بووە کە نەیانتوانیوە بە رێگەی تێگەیشتنی گەل و حزبی سەرەکی رێگە لە ناسەقامگیری سیاسی بگیرێت.

هەنگاوی یەکەمیش بۆ دروستبوونی تێگەیشتن لە نێوان هاووڵاتیان و ئەو حزبە سەرەکییەی گەل متمانەی پی بەخشیوە، لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کە حزبی سەرەکی چۆن ستراتیژ و بەرنامەی حوکمڕانی دادەڕێژێت، ئاشکرایە گەلەکەی لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا لەسەر ئەو ستراتیژ و بەرنامەیە دەنگی پێداوە، بەڵام دوای ئەوەی خەڵك دەنگی بەو بەرنامە و ستراتیژە داوە، ئەمە مانای ئەوەیە گەل بە دەنگەکانی ئەو بەرنامەیەی لە حزبی سەرەکی کڕیوە و چیدیکە ئەو بەرنامەیە موڵکی ئەو حزبە سەرەکییە نیە بەتەنیا، بۆیە لە دوای هەڵبژاردن، میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە پێویستی بەوەیە کە گەل هاوبەش و شاهید بێت لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە، ئاشکراشە ئەو بەرنامە و ستراتیژە بەوجۆرە داڕێژدراوە کە لەماوەی چوار ساڵدا جێبەجێ بکرێت، لەم حاڵەتەشدا گەل ماوەی چوارساڵ چاوەڕێ ناکات تا بزانێت چەندی لێ جێبەجێ دەکرێت و چەندی لێ جێبەجێ ناکرێت، بۆیە مافی خۆیەتی هاوبەش و شاهید بێت لەسەر هەنگاو بەهەنگاوی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە.

هەموو میکانیزمێکی جێبەجێکردنی هەر بەرنامەیەك، یان هەر ستراتیژێك، پێویستی بە زەمینەی لەبار و گونجاوی خۆی هەیە، بۆیە ئەگەر ئەو زەمینە لەبار و گونجاوە بە پشتیوانی تێگەیشتی هاووڵاتیان بۆ بەرنامە و ستراتیژەکە دروست نەبێت، ئەوا ئەو بەرنامەو ستراتیژە هەر هێزێکی لە پشتەوە بێت، جێبەجێ ناکرێت و شکست دەهێنێت. پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، کۆڵەگەی سەرەکیی سەرکەوتنی ئەم ستراتیژ و بەرنامەیەی گرێداوەتەوە بە

**هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنی ئەزموونە سەرکەوتووەکان، رۆڵی ئەو حزبە سەرەکییە بووە کە خەڵکەکەی متمانەی پێ بەخشیووە و ئەو حزبە سەرەکییە توانیویەتی تێگەیشتنێکی تەواو لەنێوان خۆی و خەڵکەکەی لەسەر ستراتیژیەت و بەرنامەی حوکمڕانییەکەی دروست بکات**

**ئەگەر سەیری ئەزموونەکانی تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بکەین، دەبینین شکستی هەموو پرۆسەکانی حوکمڕانی، نەبوونی ئەو تیگەیشتنەیە لەنێوان خەڵکەکەی و حزبی سەرەکیدا کە سەرەنجام ناسەقامگیریی سیاسی دروست بووە و حزبی سەرەکییش نەیتوانیوە ئەو ناسەقامگیرییە بگۆڕێت بۆ سەقامگیری لە رێگەی تێگەیشتنی گەلەکەیەوە**

**پێداگرتن لەسەر تێگەیشتنی هاوبەشی نێوان حزبی سەرەکی و هاووڵاتیان، پێناسەی دەوڵەت و دەوڵەتداری لە چوارچێوەیەکی زێڕیندا نمایش دەکات و ئەرکی دەوڵەت و دەوڵەتداری لە دوو خاڵی سەرەکیدا کۆدەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە بەهێزیی دەوڵەت بۆ پاراستنی خاک لە هەڕەشەی دەرەکی و پاراستنی سەقامگیری لە ئاژاوەو فەوزای سیاسی**

**راستە پارتی توانیویەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتەکەی وەک قەوارەیەکی سیاسی لەبەردەم هەڕەشەی تیرۆر و هەڕەشەی دەرەکی و فەوزای سیاسیی ناوخۆ بپارێزێت، بەڵام نەیتوانیوە پرۆسەی حوکمڕانی راست بکاتەوە، لەبەر ئەوەی راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی پێویستی بە دروستبوونی ئەو تێگەیشتنە هاوبەشە هەیە کە پێویستە لەنێوان خەڵک و ستراتیژ و بەرنامەکەی پارتی دروست ببێت**

**رێژەی بەشداری لەو ناوچانەی زۆرینەی دەنگەکانیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخشیوە زۆر بەرزە، بەڵام لەو ناوچانە رێژەی بەشداریی هاووڵاتیان زۆر کەم بووە کە پێشتر دەنگیان زیاتر بە لایەنە سیاسییەکانی دیکە داوە، ئەمە ئاماژەیەکی روونی ئەو خەڵکەیە کە لەو لایەنە سیاسییانە تووڕە و بێزارن کە بوونە هۆکاری فەوزای سیاسی و کارکردن بە ئەقڵییەتی ناوچەگەری**

نەمانی فەوزای سیاسی و کۆتاییهێنان بە ئەقڵییەتی ناوچەگەری، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستاندا تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر مەترسییەکانی فەوزای سیاسی و ئەقڵییەتی ناوچەگەری دروست نەبێت، چۆن ئەم بەرنامەیە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت؟

پێداگرتن لەسەر تێگەیشتنی هاوبەشی نێوان حزبی سەرەکی و هاووڵاتیان، پێناسەی دەوڵەت و دەوڵەتداری لە چوارچێوەیەکی زێڕیندا نمایش دەکات و ئەرکی دەوڵەت و دەوڵەتداری لە دوو خاڵی سەرەکیدا کۆدەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە بەهێزیی دەوڵەت بۆ پاراستنی خاك لە هەڕەشەی دەرەکی و پاراستنی سەقامگیری لە ئاژاوەو فەوزای سیاسی.

بۆ ئێستای کوردستان شێوازی دەوڵەتداریی پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی و سەلماندوویەتی کە پارتی دەتوانێت هەرێمی کوردستان لە هەڕەشەی دەرەکی بپارێزێت، ئەوجا ئەو هەڕەشەیە دزەکردنی تیرۆریستان بێت، یان هێرشی سەربازیی دەرەکی، لەم ئەرکەیدا خەڵکی کوردستان هاوکارییەکی گەورە و گیانفیدایانەی هەوڵەکانی پارتی کردووە، بۆیە لەم ئەرکەیدا بەو ئاستە سەرکەوتوو بووە و تێگەیشتنێکی هاوبەش هەبووە لە نێوان خەڵك و پارتیدا لەسەر پێویستیی سەقامگیری و تەناهی کوردستان، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی و پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی ئەقڵییەتی بیرکردنەوەی سیاسیەتی حزبی زاڵ بووە بەسەر ئەقڵییەتی بیرکردنەوەی دەوڵەتداریدا و حزبەکان دەوڵەت و دامەزراوەکانیان کردووە بە ئامێرێك بۆ سیاسەتی حزبایەتییان، ئەوا راستە پارتی توانیویەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتەکەی وەك قەوارەیەکی سیاسی لەبەردەم هەڕەشەی تیرۆر و هەڕەشەی دەرەکی و فەوزای سیاسیی ناوخۆ بپارێزێت، بەڵام نەیتوانیوە پرۆسەی حوکمڕانی راست بکاتەوە، لەبەر ئەوەی راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی پێویستی بە دروستبوونی ئەو تێگەیشتنە هاوبەشە هەیە کە پێویستە لەنێوان خەڵك و ستراتیژ و بەرنامەکەی پارتی دروست ببێت.

خاڵی گرنگ و درەوشاوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان ئامادەباشی ئەوەی پیشانداوە لە دەوری بەرنامەکەی پارتی کۆببێتەوە، ئەم ئامادەباشییە لەو خاڵەدا رەنگی داوەتەوە کە رێژەی بەشداری لەو ناوچانەی زۆرینەی دەنگەکانیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخشیوە زۆر بەرزە، بەڵام لەو ناوچانە رێژەی بەشداریی هاووڵاتیان زۆر کەم بووە کە پێشتر دەنگیان زیاتر بە لایەنە سیاسییەکانی دیکە داوە، ئەمە ئاماژەیەکی روونی ئەو خەڵکەیە کە لەو لایەنە سیاسییانە تووڕە و بێزارن کە بوونە هۆکاری فەوزای سیاسی و کارکردن بە ئەقڵییەتی ناوچەگەری، هەربۆیە ئەمەیە دەبێتە ئەولەوییەتی کارکردنی پارتی لەدوای هەڵبژاردن و لە پرۆسەی راستکردنەوەی حوکمڕانیدا و، دەبێت بزانرێت ئەو خەڵکەی لە فەوزای سیاسی و ئەقڵییەتی ناوچەگەری تووڕە و بێزارە، خۆی پێویستی بەوەیە هێزێك پشتگیری بکات و بۆی بسەلمێنێت کە ئامانجی ئەویش سەقامگیری و نەمانی فەوزای سیاسییە.

لایەنێکی دیکە کە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، ئەوەیە هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشدارییان کردووە و بە دەنگی خەڵکی کوردستان کورسیی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبنە بەشێك لە هێزەکانی سیستمە سیاسییەکە کە ئەو هێزانەش بریتین لەهێزی یاسادانان کە پەرلەمانی کوردستانە، یان دەبنە بەشێك لە هێزی جێبەجێکردن کە ئەویش حکومەتی داهاتووی کوردستانە، بۆیە گرنگە چەمکی دەسەڵات کە تەرجەمە و وەرگێڕاوی چەمکی (السلطة)ی عەرەبی، بگۆڕێت بۆ چەمکێکی دیموکراتییانە، لە ئەدەبیاتی دیموکراتیشدا شتێك نییە بە ناوی دەسەڵات (السلطە یان Authority، بەڵکو لە ئەدەبیاتی دیموکراتیدا پرۆسەی دابەشکردنی هێز (Power Sharing) هەیە، ئەم پرۆسەیە بۆ ئەوەیە هێزەکانی حوکمڕانی لە یەك دامەزراوەدا کۆنەبێتەوە و شێوازێك لە چاودێری



و باڵانس (Check and Balance) له نێوان هێزەکاندا دروست بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سیستمە سیاسییەکانی دەوڵەتانی عەرەبیدا هێزی حوکمڕانی لەیەك تاکەس و یەك حزب و یەك دامەزراوە چڕبۆتەوە و عەرەب خۆیشی ئەم هێزەی بە (السلطە) بەکار هێناوەو ئێمەش وەك خەڵکی باشووری کوردستان زۆر تێکەڵاوی زمانی عەرەبی بووین، لەبری ئەوەی هێزی حوکمڕانی سیستمی دیموکراتی بەکار بهێنن، پەنامان بردۆتە بەر وشە وەرگێڕاوە عەرەبییەکە و خۆمان لە ئەدەبیاتی دیموکراتی دوور خستۆتەوە، لەمەش زیاتر چەمکێکی دیکە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی حزبەکانی کوردستان زۆر بەکاردێت، چەمکی (حزبی دەسەڵات)ە، پرسیار ئەوەیە ئایا لە ئەدەبیاتی دیموکراتی شتێك بەناوی حزبی دەسەڵاتدار بوونی هەیە؟

بێگومان بوونی نییە، هەتا ئەگەر ئاماژەیەك بۆ حزبێك کە بەتەنیاش حکومەتی پێکهێنابێت، پێی ناگوترێت حزبی دەسەڵات، بەڵکو پێی دەگوترێت حزبی حوکمڕان (ruling party)، ئەم چەمکانەمان بۆیە ئاماژەمان پێکردن، لەبەر ئەوەی فەوزای سیاسی لە کوردستاندا چەمکی داتاشراوی ئەوتۆی بۆ ئەدەبیاتی دیموکراتی دروست کردووە، کە لەناو ئەدەبیاتی دەوڵەتانی دیموکراتیدا بوونی نییە، بۆیە کاتێك باس لە پرۆسەی راستکردنەوەی حوکمڕانی و حکومەتێکی بەهیز، یان کوردستانێکی بەهێز دەکەین، دەبێت ئەو راستییەمان لەبەر چاوبێت، ئەم هەنگاوانە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەبیرکردنەوەی سیاسیمان و وەرچەرخان لە زاڵبوونی ئەقڵییەتی حزبایەتی بەسەر ئەقڵییەتی دەوڵەتداریدا هەیە.

**کاتێک باس لە پرۆسەی راستکردنەوەی حوکمڕانی و حکومەتێکی بەهێز، یان کوردستانێکی بەهێز دەکەین، دەبێت ئەو راستییەمان لەبەر چاوبێت، ئەم هەنگاوانە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەبیرکردنەوەی سیاسیمان و وەرچەرخان لە زاڵبوونی ئەقڵییەتی حزبایەتی بەسەر ئەقڵییەتی دەوڵەتداریدا هەیە**



دکتۆر ئارام باڵەتەیی
ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# یەکێتی بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی خۆی یەکڕیزیی نێوماڵی کوردی تێکدا

**هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری عێراق و كاریگەرییە خراپەكانی لەسەر پرسی تەوافوق و سازانی نێوان فراكسیۆنە كوردستانییەكانی بەغدا، بەتایبەتی لە نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستانداو گرتنەبەری خیتابی عێراقچێتی لەلایەن لایەنێكی كوردییەوە لە بەغدا و چەند مەسەلەیەكی دیكەی پەیوەندیدار بوونە بنەمای دیدارێكی گوڵان لەگەڵ د. ئارام باڵەتەیی ئەندام پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان.**

*** ئێوە وەكو كاندیەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا بەڵێنتان بە خەڵكی كوردستان دا كە لە بەغدا و لە بەرامبەر فراكسیۆنەكانی دیكەی عێراقدا بە هەموو توانایەك بەرگری لە مافەكانی خەڵكی كوردستان بكەن، بەڵام هەر لەم ماوە كورتەدا پرۆسەكە وابەڕێوە دەچێت، كە شەڕی ئێوە لەگەڵ فراكسیۆنە كوردستانییەكان بێت، بەتایبەتی فراكسیۆنی یەكێتی، ئایا بۆ ئەم واقیعە ناخۆشە لەم ماوە كورتەدا دروست بوو؟**

- ئێمە بەردەوامین لەسەر ئەو پەیمان و بەڵێنانەی كە بە گەلی كوردستانمان داوەو لەبەغدا نوێنەرو داكۆكیكارێكی سەرسەختی مافەكانیان دەبین، هەرچەندە ئێستاكە جێگای داخە بۆ ئەو ململانێیەی لە نێوماڵی كوردی دروست بووە، ئەگەر هەموو لایەنە كوردی و كوردستانییەكان لەبەغدا یەكدەنگ و یەك هەڵوێست بین، ئەوا دەتوانین بەهێز و یەكگرتووییەوە بەرگری لە مافی كورد بكەین، بەڵام یەكێتی ئەم یەكدەنگییەی تێكدا، كاتێك بەڵێنی بە دكتۆر بەرهەم دابوو، ئەگەر بگەڕێتەوە ناو یەكێتی پۆستی سەرۆك كۆماری پێ دەدەن، یەكێتی هیچ بەڵێن و سۆزێكی تری نەبوو، جگە لەم بەڵێنە، بەمەش یەكێتی لەپێناو بەرژەوەندیی حزبی و بۆ ڕێكخستنەوەی ناوماڵی خۆی كێشەو ململانێی خستە ناو ماڵی كوردو كردیە قوربانیی چارەسەری گرفتەكانی ناوخۆی حزبەكەی. هەرچی سوننەو شیعەش بوون، موعجیبی خیتابی عێراقچێتی دكتۆر بەرهەم و یەكێتی بوون بۆ پاراستنی سەروەری و یەكپارچەیی عێراق، ئەمەش لەسەر حیسابی خیتابی كوردستانی بووە.

*** لە پرۆسەی هەڵبژاردنی دكتۆر بەشیر حەداد وەك كاندیدی پارتی بۆ جێگری دووەمی سەرۆكی پەرلەمانی عێراق، فراكسیۆنی یەكێتی نەك هەر دەنگی بە كاندیدەكەی پارتی نەدا، بەڵكو شانازیشیان دەكرد كە دەنگیان بە كاندیدێكی كورد نەداوە، باشە كە ئەم رق و كینە توندە دژی فراكسیۆنی پارتی هەبێت، ئایا فراكسیۆنی پارتی چۆن دەتوانێت لەناو پەرلەمانێكی وەك پەرلەمانێكی عێراقدا داكۆكی لە مافەكانی گەلی كوردستان بكات؟**

- تائێستا نەمانتوانیوە لەگەڵ پەرلەمانتارەكانی سوننە و شیعە دابنیشین و گفتوگۆ لەسەر ماف و داواكارییەكانی كورد بكەین، هەر لە سەرەتاشەوە یەكێتی لەسەر كاندیدكردنی دكتۆر بەرهەم بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار ئێمەیان وەكو پارتی بە ریفراندۆمچی بە عەرەبەكان پیشانداوە و خۆیان كردۆتە عێراقچی و پۆستی كۆماریان وا نیشاندا كە پۆستێكی گرنگە بۆ پاراستنی سەروەری و یەكپارچەیی عێراق، ئەمانە هەر هەمووی كاریگەری خۆیان بە شێوەیەكی

**نەیارانی كورد نەک بەرهەم ساڵح هەر كەسێكی دیكەیان دەستبكەوێت، كە زیان بە بەرژەوەندییەكانی باڵای گەلی كورد بگەیەنێت، دەنگی پێ دەدەن، هاوشێوەی سەدام حوسێن كە تەها محێدین مەعروف و تەها یاسین رەمەزانی لە حكومەتی بەعس بەشدار دەكرد و هیچ كارێكیان بۆ مافە راواكانی گەلی كوردستان نەدەكرد**

**کاندیدکردنی دکتۆر بەرهەم ساڵح لەلایەن یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ رازیکردنی بوو، تاوەکو بگەڕێتەوە ناو یەکێتی**

**تا ئێستاش یەکێتی لەپێناو وەرگرتنی پۆست و پلەو پایە بە پاڵپشتی شۆڤێنییەکان دوور لە بەرژەوەندی مافە رەواکانی گەلی کورد و کوردستان کاردەکات**

**ئێمە لە عێراق جیانەبووینەتەوە، تەنیا پرسیارمان لە میللەتی کورد و کوردستان کردووە لە چوارچێوەی عێراق بمێنینەوە، یاخود دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەوێت**

**ریفراندۆم بڕیارێکی خەڵکی کوردستانە و بە رێژەیەکی زۆر خەڵکی بەشداری تێدا کردووە و بۆتە فاکتەر و دۆکۆمێنتێکی نەتەوەیی لە بەردەستی کورددا**

سلبی لەسەر پەیوەندییەکانی ئێمە وەك پارتی لەگەڵ لایەنەکانی تری عەرەب دروستکرد، سەرەڕای ئەمانەش ئێمە دەستی خۆمان درێژ دەکەین و هەوڵدەدەین پەیوەندی خۆمان باش بکەین لەگەڵ هەموو لایەن و حزب و کوتلەکان کە بەشدارن لە پەرلەمان بە ئامانجی ئەوەی بتوانین داواکاری و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بەدەست بهێنین، بەپێچەوانەوە لەکاتێکدا ئەگەر ئێمە نەتوانین مافەکانی گەلەکەمان بەدەست بهێنین، دەستی خۆمان لەبەغدا دەکشێنینەوەو دێینەوە کوردستان بۆ ناو میللەتی خۆمان، چونکە ئێمە بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی خۆمان لەبەغداین، نەك بۆ پۆست و پلە.

*** ئێوە کۆمەڵێك کێشەی گەورەتان لەسەر شانە وەك چارەسەرکردنی پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و پێشمەرگە و مەسەلەی نەوت و گێڕانەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان؛ هەموو ئەم پرسانە و جێبەجێکردنیان ئەو کاتەش قورس بوو کە لە نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان هاوپەیمانیەکی پتەو هەبوو، ئێستا فراکسیۆنەکان خۆیان دژی خۆیان کار دەکەن، ئایا ئەم پرسانە چۆن داکۆکییان لەسەر دەکرێت و چۆن چارەسەر دەکرێن؟**

-گرنگ ئەوەیە ئێمە وەکو نوێنەرانی گەلی کوردستان پەیامێك بگەیەنینە لایەنی عەرەبی بە شیعە و سوننەوە کە هەرچی کێشەو گرفتی نێوان هەرێم و عێراق هەیە، پێویستە بەپێی دەستوور چارەسەر بکرێن، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێت، ئەوە کاریگەری خراپی لەسەر هەموو عێراق دروست دەکات و لە بەرژەوەندی خەڵکی عێراقدایە کە گەلی کورد و کوردستانیش بگەنە مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان لە چوارچێوەی دەستووردا، کاتێکیش دەستوور پێشێل بکرێت، ئەوا عێراق بەرەو ئاراستەیەکی نادیار دەڕوات و یەکێکیش لە داواکاری و مافەکانمان دەبێت جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بێت، هەر کاتێکیش بینیمان بەغدا دەستوور جێبەجێ ناکات و لەسەر بنەمای (تەوازن و تەوافوق و شەراکەت) کار لەگەڵ کورد ناکات، ئەوا ئیشوکاری ئێمە لەبەغدا نامێنێت، چونکە ئێمە چ وەکو پارتی ديموکراتی کوردستان، چ وەکو فراکسیۆنە کوردییەکان لەبەغدا هیچ کاتێك نابینە زۆرینە، بەڵکو هەر کەمینەین و کارکردنیش بە پرەنسیپی زۆرینە و کەمینە ماف و داواکارییەکانی گەلی کوردستان بەدەست ناهێنێت، بەڵام بەدەستنیشانکردنی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی وەك سەرۆك وەزیران کە کەسایەتییەکی سیاسی میانڕەو و رۆشنبیر و دۆستی کوردەو پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەیە، کورد دەرفەت و هەلێکی بۆ دەرەخسێت کە بتوانێت مافەکانی بەدەست بهێنێت و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بدات.

*** وەکو ئەوەی لە هەندێك پەرلەمانتاری یەکێتی و لایەنەکانی دیکە گوێبیستی دەبین، ئەوەیە کە بۆ خۆنزیککردنەوە لە فراکسیۆنە عەرەبییەکان و دەستکەوتی تەسکی حزبایەتی، دژایەتی خیتابی کوردستانی دەکەن و پاکانە بۆ ریفراندۆم دەهێننەوە بەوەی ئەوان دژی بوون، ئەمەش خەریکە دەبێتە خیتابێکی بێشەرمانەی کورد لە بەغدا، ئایا تاچەند ئەم خیتابە بێ شەرمانەیەی ئەو لایەنانە کاری ئێوەی قورس کردووە؟**

- ئێمە لەماوەی ئەم مانگەدا کە وەکو ئەندام پەرلەمان لە بەغداین لەهەوڵی ئەوەداین پەیوەندی و گفتوگۆ لەنێوان لایەنە جیاجیاکانی عێراقدا دروست بکەین، وەکو ئاشکرایە یەکێتی یەکێکە لەو لایەنە کاریگەرانەی کە بەشداری ریفراندۆمی کرد، کەچی ئێستا خۆی لەو پرۆسە دیموکراتی و رەوایە دەدزێتەوە، لەکاتێکدا ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە ریفراندۆمچین و بەردەوامیش بیری عێراق دەخەینەوە کە ئەگەر رازین بە بنەمای تەوافوق و شەراکەت و تەوازن ئەوا لەگەڵیان دەبین بۆ بونیادنانی عێراقێکی دیموکراتی و ئاوەدان و بۆ بەرژەوەندی هەموو عێراق و مافی رەوای گەلی کوردستان تێدەکۆشین، رێگای دووەمیش ئێمە لە عێراق دەربچین و بچینە هەرێمی کوردستان و دژایەتی و دوژمنایەتی و ململانێی یەکتر بکەین و پێشێلی دەستوور بکەین، کە ئەمە دژی هەموو خەڵکی عێراقە و بۆی هەیە لە بەرژەوەندی کوردستانیش

نەبێت، بۆیە هەرچی داواکاری و مافی گەلی کوردە دەیخەینە بەر دەست لایەنی عەرەب، تاوەکو لەچوارچێوەی دەستووردا جێبەجێی بکەن، ئێمە وەکو پارتی هەرگیز پاشەکشە لە ئەنجامی ریفراندۆم ناکەین، چونکە ریفراندۆم بڕیارێکی خەڵکی کوردستانە و بە ڕێژەیەکی زۆر خەڵکی بەشداری تێدا کردووە و بۆتە فاکتەر و دۆکۆمێنتێکی نەتەوەیی لە بەردەستی کورددا، باشە لە کاتێکدا ریفراندۆم بەهەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان پرۆسەیەکی رەوایە بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی هەموو نەتەوەو گەلێك و لە هەموو دنیادا ڕێگەپێدراوە، ئیتر بۆچی ئینکاری بکەین؟ ئێمە لە عێراق جیانەبووینەتەوە، تەنیا پرسیارمان لە میللەتی کورد و کوردستان کردووە لە چوارچێوەی عێراق بمێنینەوە، یاخود دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەوێت.

*** ئێستا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق دەستی پێکردووەو لایەنە کوردستانییەکان هەر هەموویان چاویان لەوەیە لەسەر بنەمای حزبی پشکیان بەرکەوێت، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە لایەنی کوردستانی دەبێت وەکو پشکی کوردستان دانوستان بۆ بەشداری لەحکومەت بکات، کەچی لەئێستادا وەکو پشکی حزبی دانوستان دەکرێت، ئایا تاچەند ئەم حاڵەتە کاریگەری لەسەر پشکی بەشداریی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەبێت؟**

- یەکێتی هەنگاوی تاکلایەنانەی ناوەو بە پاڵپشتی عەرەبی شۆڤێنی سوننە و شیعە کاری کردو گوێی بە دەنگی زۆرینەی کورد نەدا لە دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆمار، ئەمە عورفێکی سیاسی لە کوردستان و عێراق تێکدا، تا ئێستاش یەکێتی لەپێناو وەرگرتنی پۆست و پلەو پایە بە پاڵپشتی شۆڤێنییەکان دوور لە بەرژەوەندی مافە رەواکانی گەلی کورد و کوردستان کاردەکات، پێویستە و ئێستا دەبێت یەکێتی لە پاکێجێکی تر هەوڵبدات و بێتە لای پارتی دانوستان و گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتییەك دروست بکەن، بەڵام یەکێتی ئەمە ناکات و تەنیا دوای بەرژەوەندیی تەسکی حزبی خۆی کەوتووە.

*** ئایا ئەم سەفقەیەی یەکێتی لەگەڵ شۆڤێنییە عەرەبییەکاندا بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆمارو لادان لە هێڵی نەتەوەیی و نیشتمانی بە پاڵپشتی و دەستتێوەردانی دەرەکی بەتایبەت لەلایەن ئێرانەوە وەکو سزادانێکی گەلی کوردستان ئەنجام دراوە؟**

- یەکێتی پەیوەندی پێشینەی لەگەڵ ئێران هەیە، ئەگەر رۆڵیشی هەبووبێت، رۆڵێکی کاریگەر و فشار نەبووە، بە راو بۆچوونی من ئێران هیچ پەیوەندییەکی لە سەر کاندیدبوونی بەرهەم ساڵح نەبووە، ئێران نایەوێت جەنابی سەرۆك بارزانی بکاتە نەیار و دوژمنی خۆی.

*** وەکو ئاشکرایە دانانی بەرهەم ساڵح لەلایەن زۆرینەی پەرلەمانتارە عەرەبە شۆڤێنی و سوننەکانەوە بۆ لێدان لە خیتابی کوردستانی و تێکدانی نێوماڵی کورد بووە، ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر چارەنووسی ئایندەی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێت؟**

کاندیدکردنی دکتۆر بەرهەم ساڵح لەلایەن یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق بۆ رازیکردنی بوو، تاوەکو بگەڕێتەوە ناو یەکێتی، دواتریش عەرەبە شۆڤێنییەکان باش دەزانن کە یەکێتی و بەرهەم ساڵح ساڵانێکی زۆرە نەفەسی عێراقچێتییان هەیە، هەموو ئەندام پەرلەمانەکانی عێراق بەرهەم ساڵحیان دەناسی کە پێشتر لە بەغدا پۆستی جیاجیای هەبووە و لە عەرەبەکان نزیك بووە و وتار و هەڵسوکەوتەکانی عێراقچێتی بووەو دوور لە هاوبەشیی پێکهاتەی کورد لەعێراق کاری کردووە و بۆ بەرژەوەندی خۆی لەماوەی هەشت ساڵدا پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ زۆر لە کەسایەتی سیاسی و عەشائیر و خەڵکی عەرەب هەبووە، هەربۆیە ئەمە هیچ سەرکەوتن نەبوو بۆ بەرهەم ساڵح و یەکێتی، تەنیا شکاندنی عورفی یەکریزی و یەکگوتاری لایەنی کوردی بوو لە بەغدا، ئەوان نەك بەرهەم ساڵح هەر لایەنێکی دیکەیان دەستبکەوێت، کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی بالای گەلی کورد بگەیەنێت، دەنگی پێ دەدەن و دەڵێن ئەمەیە نوێنەری کورد بە هاوشێوەی سەدام حوسێن کە تەها محێدین مەعروف و تەها یاسین رەمەزان لە حکومەتی بەعس بەشدار دەکردو هیچ کارێکیان بۆ مافە راواکانی گەلی کوردستان نەدەکرد.

**بەدەستنیشانکردنی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی وەک سەرۆک وەزیران کە کەسایەتییەکی سیاسی میانڕەو و رۆشنبیر و دۆستی کوردەو پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەیە، کورد دەرفەت و هەلێکی بۆ دەرەخسێت کە بتوانێت مافەکانی بەدەست بهێنێت و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بدات**

**ئەگەر ئێمە نەتوانین مافەکانی گەلەکەمان بەدەست بهێنین، دەستی خۆمان لەبەغدا دەکشێنینەوەو دێینەوە کوردستان بۆ ناو میللەتی خۆمان، چونکە ئێمە بۆ بەدەستهێنانی مافە راواکانی گەلی خۆمان لەبەغداین، نەک بۆ پۆست و پلە**

**یەکێتی لەسەر کاندیدکردنی دکتۆر بەرهەم بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار ئێمەیان وەکو پارتی بە ریفراندۆمچی بە عەرەبەکان پیشانداوە و خۆیان کردۆتە عێراقچی و پۆستی کۆماریان وا نیشاندا کە پۆستێکی گرنگە بۆ پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی عێراق**





# گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی

## سەرەتایەکی خراپ بۆ رۆڵ و پێگەی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا

**لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە پرۆسەی ریفراندۆمدا دەنگی بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان»دا، ئەو «بەڵێ»یەی ریفراندۆم دەربڕینی تووڕەیی گەلێک بوو کە چیتر قبووڵ ناکات، بێڕێزی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان کە رێبەر و سەرقافڵەی گێڕانەوەی کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان بوو لە ریفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧، لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش، پێشمەرگەی ناو سەنگەری بەرگریکردن بوو لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان**

**لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار وەک پشکی گەلی کوردستان، جارێکی دیکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەمەی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی کوردستان کردو ئەم پرۆسەیەی لە نێومالی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بردە دەرەوە و خستیەوە ناو پەرلەمانی عێراق**

مانگی رابردوو کتێبێکی تازەی فرانسیس فۆکۆیاما بە ناونیشانی (ناسنامە: داواکردنی کەرامەت و سیاسەتی تووڕە و بێدەنگ نەبوون - Identity: The Demand for Dignity and the Politics of Resentment) بڵاوکرایەوە، پێش یەك دوو هەفتەش ئەنجومەنی کارینجی بۆ ئاکار لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کۆڕێکیان بۆ رێکخستبوو بۆ ئەوەی قسە لەسەر کتێبەکەی بکات، لەم کۆڕەدا فۆکۆیاما ناوەڕۆکی کتێبەکەی بۆ ئامادەبووان خستەڕوو و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، بێڕێزیکردن بە کەرامەتی تاك و نەتەوە دەبێتە هۆکاری دەربڕینی تووڕەیی، ئەمەش وەك لە ناونیشانی کتێبەکەیدا رەنگی داوەتەوە، داوای تاك بۆ گێڕانەوەی کەرامەت دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی سیاسەتی تووڕەبوون و دەربڕینی ئەو تووڕەییە.

فۆکۆیاما لەگەڵ ئەوەی فاکتەری گەوهەریی بۆ نووسینی ئەم کتێبە گرێ دەداتەوە بە هەردوو رووداوی گرنگ و گەورەوە، کە یەکەمیان راپرسییەکەی بەریتانیا بوو بۆ جیابوونەوە لە یەکێتی ئەوروپا و دووەمیان سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ بوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، بەڵام لە کۆڕەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد، نەتەوە کاتێك هەست دەکات لەو دەوڵەتەی تیایدا دەژی کەرامەتی نەتەوەیی پێشێل دەکرێت، بێدەنگ نابێت و بەرەو بریاری چارەنووس و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێت و دەیەوێت دەوڵەتەکەی بکاتە گەرەنتی بۆ پاراستنی کەرامەتی نەتەوەیی خۆی.

سەبارەت بە پێشێلکردنی کەرامەتی (تاك)یش لە سیستەمە لیبراڵ دیموکراتە پێگەیشتووەکانی رۆژئاواش بەتایبەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، فۆکۆیاما دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێشان ئەو چوارچێوەی دەبووە گەرەنتی بۆ پاراستنی کەرامەت، بریتی بوون لە دامەزراوەکانی سیستەمە لیبراڵ دیموکراتییەکە کە بریتین لە: (دامەزراوەی بەهێز، سەروەریی یاسا، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ، دوورکەوتنەوە لە رەگەزپەرستی) بەڵام لەدوای هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ و سەرکەوتنی حزبە پۆپۆلیستەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو چوارچێوەیە نەمێنێت کە پێشتر گەرەنتی بوو بۆ پاراستنی کەرامەت، ئەم دیاردەیەش بەجۆرێك بڵاوبۆتەوە کە هەموو سیستەمە دیموکراتییەکانی گرتۆتەوە و تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی مانگی رابردووی سویدیشدا حزبی دیموکراتی سویدییەکان کە حزبێکی راستڕەوی توندڕەوە و دژی پەنابەرانە، دوو هێندەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەنگی هێناوە و بۆتە حزبی سێیەم لە ناو پەرلەمانی سویددا.

لێرەوە ئەگەر لەم دەروازەیەوە بگەڕێینەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا، دیارە عێراقییەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ کە بە رێژەی ٨٠٪ زیاتر دەنگیان بە دەستووری عێراق دا، بەو ئامانجە دەنگیان پێدا کە ئەو دەستوورە ببێتە گەرەنتی بۆ رێزگرتن لە کەرامەتی نەتەوەیی پێکهاتە سەرەکییەکان و رێزگرتنی کەرامەتی هەر تاکێکی ئەم وڵاتە وەك هاووڵاتی پلەیەك لە عێراقدا. بەڵام وەك لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو بینیمان، سیاسەتی ناسنامەی مەزهەبگەرایی شیعە بووە فاکتەری سەرەکی بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە نەبێتە چوارچێوەیەك بۆ گەرەنتی کەرامەتی نەتەوەیی پێکهاتەکان و کەرامەتی تاك لە عێراقدا، تەنانەت تاکی عەرەبی شیعەش لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا، هەر بۆیە دەبینین ئەو خۆپیشاندانانەی لە بەسرە و شارەکانی دیکەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەکرێن، داواکردنی گێڕانەوەی کەرامەتە بۆ هەر تاکێکی عێراق و سووتاندنی بارەگای ئەو حزب و لایەنانەی شیعەیە کە بوونە هۆکاری ئەوەی کە تەنانەت عەرەبی شیعەش لە عێراقدا کەرامەتی پێشێل کراوە.

لەناو ئەم بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی سیاسەتی شیعەگەرایی لە عێراقدا دروستی کردووە، بێگومان کوردستان وەك نیشتمانێکی فرە ئایین و نەتەوە و لکێنراو بە عێراقەوە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بەو ئامانجە بەشداری لە نووسینەوەی دەستووری عێراق کرد و بە رێژەی سەرووی ٩٠٪ دەنگی بە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق دا، کە کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەشێك بێت لە کۆماری عێراقی

فیدراڵی و عێراق لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی هاوچەرخی دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمە دروست نەبوو، بەڵکو عێراق بووەوە بەو دەوڵەتەی پێشان کە جارێکی دیکە بێڕێزی بە کەرامەتی هەموو گەلی کوردستان کرد، بۆیە بۆ گێڕانەوەی کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ کورد و تەواوی نەتەوەو ئایینەکانی کوردستان، گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە پرۆسەی ریفراندۆمدا دەنگی بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان»دا، ئەو «بەڵێ»یەی ریفراندۆم دەربڕینی تووڕەیی گەلێك بوو کە چیتر قبووڵ ناکات، بێڕێزی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێت.

لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی عێراق کۆمەڵێك سزای زۆر قورسی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاند و، لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتانی دەوردراوسێ هەڕەشەی زۆر گەورەیان لێکردین، بەڵام ئەم سزا و هەڕەشە و گوڕەشانە لە ئاستی ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا هیچی پێ نەکرا، بۆیە پەنا برایە بەر پیلانێك لەگەڵ گرووپێکی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رازییان کردن کە لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتبەردا گەمە بە کەرامەتی نەتەوەیی خۆیان بکەن و دەستی داگیرکارانیان گرت بۆ ئەوەی نەك هەر بێڕێزی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانییان بکەن، بەڵکو هەوڵیاندا کە گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی هەر نەمێنێت و جارێکی دیکە بیر لە گێڕانەوەی کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی نەکاتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە رێبەر و سەرقافڵەی گێڕانەوەی کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان بوو لە ریفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧، لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش، پێشمەرگەی ناو سەنگەری بەرگریکردن بوو لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان و جارێکی دیکە پێگە و شکۆی کوردستانی لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی عێراق و پەیوەندیەکانی حکومەتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوردراوسێ گەڕایەوە شوێنی خۆی، بەڵام بەداخەوە لە پرۆسەی بەشداریکردنی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و بەتایبەتیش لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار وەك پشکی گەلی کوردستان، جارێکی دیکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەمەی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی کوردستان کردو ئەم پرۆسەیەی لە نێوماڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بردە دەرەو و خستیەوە ناو پەرلەمانی عێراق، بەمەش چۆن لە پرۆسەی ریفراندۆم بە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر پێش لەشکریان کرد بۆ بێڕێزیکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو گەلی کوردستان، جارێکی دیکە لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵیش بەدەرهێنانی کاندیدی سەرۆك کۆمار لە ناو ماڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بوونە دەمڕاستی شۆڤینزمی عەرەبی و ناسنامەی پشکی کوردستانیان لە پۆستی سەرۆك کۆمار کردەوە و بەرگێکی عەرەبی عێراقییان بەبەردا کرد.

## ● مەترسییەکانی گەمەکردن
## بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی

دوومانگ دوای ئەنجامدانی خیانەتی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، گۆڤاری فۆڕین ئەفێرز دۆسیەیەکی فراوانی بە ناونیشانی (هەڵە و تاوانی رابردوو نامرێت - The Undead Past)، لەم ژمارەیەدا چەند باسێکی جۆراوجۆری لەسەر هەڵەو خیانەتی مێژوویی نەتەوەکان تێدا بوو، وەك هەڵە و کەموکوڕییەکانی دەستووری ئەمریکا و راستکردنەوەی لەلایەن ئەبراهام لینکۆڵنەوە، هەڵە و تاوانەکانی هیتلەر لە ئەڵمانیا و خۆبەخاوەنکردن و راستکردنەوەی ئەو هەڵە و تاوانانە لەلایەن ئەڵمانیای رۆژئاواوە (ئەڵمانیا بە درێژایی شەڕی سارد لە ١٩٤٥- تا رووخانی دیواری بەرلین، دوو دەوڵەت بووە)، ئەو توێژەر و ئەکادیمییانەی بەشداریی ئەو دۆسیە گرنگەیان کردبوو، هەموویان لەیەك خاڵدا کۆك بوون و جەختیان لەسەر ئەوە کردبۆوە، ئەگەر نەتەوە خۆی نەکات بە خاوەنی هەڵە و تاوانەکانی مێژوویی خۆی و هەوڵ نەدات ئەو هەڵە و تاوانانە راست بکاتەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەوا ماکی ئەو

**ئەگەر نەتەوە خۆی نەکات بە خاوەنی هەڵە و تاوانەکانی مێژوویی خۆی و هەوڵ نەدات ئەو هەڵە و تاوانانە راست بکاتەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەوا ماکی ئەو هەڵە و تاوانانە نامرن و کارەساتی گەورە بەسەر نەتەوە دووبارە و سێ بارە دەکەنەوە**

**ئەگەر ئەمڕۆ بەشێک لە سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆیان لە ئاستی گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانییان تووڕە بن و خۆیانی لێ بێبەری بکەن و هەر بێدەنگ بن، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبێتە جۆرێک لە سیاسەتی ئەو لایەنە و وەک سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بازرگانی پێوە دەکەن**

**خۆفرۆشێکی کۆنە بەعسی وەک (وەفیق سامەرایی)، ئەو رۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستان، د.فوئاد حوسێنی کاندید کرد، لە تویتێکدا نووسیبووی: «نابێت رێگە بدرێت کاندیدی مسعود بارزانی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق، لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی هەڕەشەیە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق**

**لە تێڕوانینی سەرۆک مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کێشەیەک نەبووە بەناوی ململانێ لە نێوان کاندیدی پارتی و یەکێتیدا، بەڵکو کێشەکە بریتی بووە لەوەی، کە ئەم ئیستیحقاقەی گەلی کوردستان لەلایەن فراکسیۆنە کوردستانییەکان یەکلایی بکرێتەوە و نەخرێتە ناو پەرلەمانی عێراق و گەمە بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان بکرێت**

**یەکێتی نیشتمانی بە حیسابی خۆیان بۆ ئەوەی خۆیان لە شکستی هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلوول بپارێزن و دەنگەکانی حزبی هاوپەیمانی بۆ دادپەروەری بەرنەوە بۆ یەکێتی، د.بەرهەم ساڵحیان بە تەماعی کاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار گەڕاندەوە ناو یەکێتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئامادە نەبوون لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

هەڵە و تاوانانە نامرن و کارەساتی گەورە بەسەر نەتەوە دووبارە و سێ بارە دەکەنەوە.

ئەمە بۆ ئێمە بووە دەروازەیەك بۆ ئەوەی پرسیارێکی راشکاوانە رووبەڕووی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لەماوەی شەش دەیەی رابردوو بکەینەوە و لە خۆمان بپرسین، بۆچی لەماوەی ئەم شەش دەیەیەی رابردوودا، بەردەوام لە ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا هەڵە و تاوانەکانی رابردوو کارەساتی گەورەتر بەسەر نەتەوەکەماندا دێنێتەوە؟

لە ئاکامی لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی چەند دیمانەیەك لەگەڵ پسپۆڕان و تایبەتمەندانی نێودەوڵەتی، گەیشتنە ئەو ئاکامەی ئەگەر ئێمەش وەك گەلی کوردستان خۆمان نەکەین بە خاوەنی هەڵە و تاوانەکانی ناو مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و رێگەیەکی راست نەدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڵە و تاوانانە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان ریشەکێش بکەین، ئەوا دەبێت لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ چاوەڕێی خیانەت و کارەساتێکی گەورەتر بین، ئەوکات گەیشتینە ئەو قەناعەتەی ئەگەر ئەمڕۆ بەشێك لە سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆیان لە ئاستی گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانییان تووڕە بن و خۆیانی لێ بێبەری بکەن و هەر بێدەنگ بن، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبێتە جۆرێك لە سیاسەتی ئەو لایەنە و وەك سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بازرگانی پێوە دەکەن، هەروەك چۆن لە هەفتەی رابردوو لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا بینیمان و گەیشتە ئەو ئاستەی شۆڤینیزمی عەرەبی بە ئاشکرا و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان بڵێن: ئێمە بۆیە دەنگ دەدەین بە کاندیدەکەی یەکێتی نیشتمانی، لەبەر ئەوەی دژی ریفراندۆمی کوردستان بووەو پارێزگاری لە یەکێتی عێراق دەکات و، دەنگ نادەین بە کاندیدەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ئەوەی پارتی رێبەرایەتی پرۆسەی ریفراندۆمی کردووە، هەموو سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش شانازییان بە قسەی ئەو عەرەبە شۆڤێنییانە دەکرد و باشتر زەمینەی قسەکردنی دیکەشیان بۆ عەرەبەکان دروست دەکرد، تەنانەت خۆفرۆشێکی کۆنە بەعسی وەك (وەفیق سامەرایی)، ئەو رۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستان، د.فوئاد حوسێنی کاندید کرد، لە تویتێکدا نووسیبووی: «نابێت رێگە بدرێت کاندیدی مسعود بارزانی ببێتە سەرۆك کۆماری عێراق، لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی هەڕەشەیە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و ئەو سێ لیوایەی پاسەوانی کۆمار کە ئێستا لای یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، لەدەستێکی ئەمیندایە، ئەگەر کاندیدەکەی مسعود بارزانی ببێتە سەرۆك کۆمار، ئەو سێ لیوایەی پاسەوانی کۆمار دەکەوێتە دەستی مسعود بارزانی و دەبێتە مەترسییەکی گەورە بەسەر عێراقەوە». لەبەرامبەر ئەم قسانەی دوژمنانی کورد و کوردستاندا، کاندیدەکەی یەکێتی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە عەرەبیەکانی عێراق، گەمەی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان دەکردو وەك کەسێکی دژی ریفراندۆم و داکۆکیکار لە یەکپارچەیی گەل و خاکی عێراق خۆی بۆ شۆڤێنییە عەرەبەکان نمایش دەکرد، ئەمە لەکاتێکدا لە تێڕوانینی سەرۆك مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کێشەیەك نەبووە بەناوی ململانێ لە نێوان کاندیدی پارتی و یەکێتیدا، بەڵکو کێشەکە بریتی بووە لەوەی، کە ئەم ئیستیحقاقەی گەلی کوردستان لەلایەن فراکسیۆنە کوردستانییەکان یەکلایی بکرێتەوە و نەخرێتە ناو پەرلەمانی عێراق و گەمە بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان بکرێت.

داکۆکیکردن لە پۆستی سەرۆك کۆمار وەك پشکی گەلی کوردستان و بوونی کوردێك بە سەرۆك کۆماری عێراق لە چوارچێوەی بڕیار و ئیرادەی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، هەر لە ٢٠٠٥ ەوە تا رۆژی ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ بڕیار و ستراتیژیەتی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و، لە ساڵی ٢٠١٠ و لە دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیشدا ئەم پرسیارەمان لە بارزانی کرد: بۆچی هێندە پێداگری لە



پۆستی سەرۆك كۆمار بۆ كورد دەكەن؟ ئایا گرنگیی ئەم پۆستە بۆ كوردستان چییە؟ لەوەڵامدا بارزانی پێی گوتین: «بۆ ئێمە وەكو كورد وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆمار لەم قۆناخە شتێكی مەعنەوییە زیاتر، ئەمە جوبرانێكە بۆ ئەو هەموو غەدرەی لە ساڵانی رابردوو لە كورد كراوە، ئەو لێدوانانەشی لەم دواییە هەندێك لایەن دایان بەو مانایەی كورد موستەهەقی ئەوە نییە، پۆستی سەرۆك كۆمار وەربگرێتەوە، بە شێوەیەكی زۆر نادۆستانە ئەو مەسەلەیەیان خستەڕوو، بۆیە ئێمە بە مافی كوردی دەزانین و بۆ عێراقیش باشترە بۆ ئەوەی دڵنیاییەك بدەن بە كورد، ئێمە مانعمان نییە ئەم پۆستەمان بۆ بگۆڕنەوە بە پۆستی سەرۆك وەزیران، بێگومان ئەمە ناكرێت، بۆیە ئێمە پێمان باشە لەم قۆناخە سەرۆك كۆمار بۆ كورد بێت، بۆ عێراقیش باشترە، ئێمە سوورین لەسەر ئەو مەسەلەیە، بێگومان كە ئێمە داوای ئەو پۆستە بكەین، مام جەلال كاندیدی ئێمەیە لەبەر ئەوەی ئەو گونجاوە بۆ ئەو ئیشە.»

لەبەرامبەر ئەم قسانەی سەرۆك بارزانی و لە دیمانەیەكی دیكە و سەبارەت بە هەڵبژاردنەوەی بۆ خولی دووەمی سەرۆك كۆمار، ئەم پرسیارەمان لە خوالێخۆشبوو مام جەلالیش كرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: «باوەڕ بكەن من ئاگام لێ نەبووە كە كاك مسعود منی كاندید كردووە بۆ سەرۆكایەتی كۆمار، هەتا ئیلحاحی كرد، لێرەدا دەمەوێت نهێنییەكتان بۆ ئاشكرا بكەم، گیروگرفتێك هەبوو لەنێوانی پارتی و یەكێتیدا، كاك مسعود وتی: من هەقم بەسەر ئەو گیروگرفتەوە نییە و هەر مام جەلال كاندید دەكەم بۆ سەرۆكایەتی كۆماری عێراق و من هەر پشتیوانی ئەو دەكەم.»

لە ساڵی ٢٠١٤ش، دیارە یەكێتی نیشتمانی كوردستان نەیتوانی كاندیدێك بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار یەكلایی بكاتەوە، دیسان سەرۆك بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان جەختیان لەسەر ئەوە كردەوە كە دەبێت ئەم پرسە لەناو ماڵی فراكسیۆنە كوردستانییەكان یەكلایی بكرێتەوە و ململانێكە نەچێتە ناو پەرلەمانی عێراقەوە و بەمەش توانرا رێز لە كەرامەتی نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵكی كوردستان بگیرێت

**تیرۆرانینی شۆڤێنییانەی عەرەبی عێراق بەرامبەر ماف و کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان، زۆر پێویستیان بە لایەنێکی سەرەکیی کوردستانی وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی خۆیان دەیلێن و بایەخی نییە، ببێتە گوتاری سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەوانیش لە ژێر گوتاری سیاسیی یەکێتیدا بێڕێزی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان بکەن**

**بڕیاری مقاوەمەت و هەڵگیرسانی شۆڕش و، بوون بەچەکدار، یان پێشمەرگە لەناو ئەو شۆڕشەدا، لە ژێر کاریگەریی هیچ حزبێکی سیاسی دروست نەبووە، ئەگەر پرۆگرامی ئەو حزبە لەناو بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی مانیفیستۆ نەکرابێت**

و ئەم مافە وەك ئیستحقاقی خەڵکی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بچەسپێنرێت، دیارە لەناو پەرلەمانی عێراقدا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە ساڵی ٢٠١٤ شدا، حەنان فەتلاوی ویستی خۆی بکاتە رکابەری د.فوئاد مەعسوم، بەڵام لەبەر ئەوەی د.فوئاد مەعسوم بە ئیرادە و بڕیاری فراکسیۆنە کوردستانییەکان کاندید کرابوو، هاوپەیمانیی شیعە ناچار بوو داوا لە فەتلاوی بکات، بکشێتەوە.

لە پرۆسەی ئەمجارەشدا بۆ بەشداریی لایەنە کوردستانییەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئەو پرانسیپە رێککەتبوو کە کاندیدی پۆستی سەرۆك کۆمار بە هاوبەشی هەڵبژێرن، هەتا ئەگەر ئەو کەسەی بۆ ئەو پۆستە شایستە بێت، دەکرێت لەدەرەوەی پارتی و یەکێتیش بێت، بەڵام یەکێتی نیشتمانی بە حیسابی خۆیان بۆ ئەوەی خۆیان لە شکستی هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلوول بپارێزن و دەنگەکانی حزبی هاوپەیمانی بۆ دادپەروەری بەرنەوە بۆ یەکێتی، د.بەرهەم ساڵحیان بە تەماعی کاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار گەڕاندەوە ناو یەکێتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئامادە نەبوون لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە، بەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان تێگەیشت کە مەسەلەکە ئەوە نییە کە فلان بۆ ئەو پۆستە کاندید بێت و فلان کاندید نەبێت، بەڵکو ئەم پرسە پەیوەندی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە و ناکرێت لایەنێکی سیاسی گەمە بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی کوردستان بکات.

پێداگریی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر کاندیدێك بە تاکڕەوانە و پشتبەستن بە هەستی شۆڤێنیەتی عەرەبی دژی کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان، گەمەیەکی ترسناکە بۆ ئایندەی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا. هەروەك بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی شاندی پارتی لە بەغدا ئاماژەی پێکرد، بەچەند خولەکێك پێش کۆبوونەوەکەی پەرلەمان، پارتی و یەکێتی لەسەر ئەو پرسە رێککەوتبوون کە بە یەك کاندید وەك نوێنەری هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان بچنە ناو پەرلەمانەوە، هەر ئەم رێککەوتنەش بووە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر لە ٣٠٠ پەرلەمانتار لەو کۆبوونەوەیە بەشداری بکەن و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆژی پێشتر کە پارتی و یەکێتی نەگەیشتبوونە رێککەوتن، ئەوا بەهیچ جۆرێك نیسابی یاسایی دروست نەدەبوو کە پەرلەمان بتوانێت کۆبوونەوەی خۆی گرێبدات، هەربۆیەش کاتێك سەرۆك بارزانی زانی رێککەوتنەکە لەلایەن یەکێتییەوە پێشێل کراوە، پێش ئەوەی دەنگدانی خولی یەکەم ئاشکرا بکرێت، پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، ئێمە لەگەڵ ئەم ئالیەتە نین بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و دەستبەجێ داوای کرد، د.فوئاد حوسێن بکشێتەوە و لەو پرۆسەیە بەشداری نەکات، بەڵام هەتا پەیامەکەی بارزانی گەیشتە بەغدا و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی لێ ئاگادار کردەوە، دەستکرابوو بە جیاکردنەوەی دەنگەکانی خولی یەکەم، بەڵام هێشتا دیار نەبوو کام کاندید لە پێش ئەوی دیکەوەیە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە بیانووی ئەوەی دەبێت خودی کاندیدەکە داواکاری پێشکەش بکات، ئەوە بوو دەنگەکانی خولی یەکەم ئاشکرا کران، هەموو ئەمانەش لە ماوەیەکی کورتی کەمتر لە ١٠ خولەك روویاندا و لەبەر ئەوەی پرسەکە یەکگرتنەوەی خواستی یەکێتی نیشتمانی و کۆی بیرکردنەوەی شۆڤێنی عەرەبی عێراقی بووە، ئەوە بوو پرسەکە بەو جۆرە رێچکەی گرت کە خۆیان ئامانجیان بوو، لە یەکەم کاردانەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبیش بۆ ئەم گەمەکردنە بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان، ئەو پەیامەی وەفیق سامەرایی کۆنە بەعسی بوو کە نووسیبووی: «پاڵەوانەکانی یەکێتی و لاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵیشدا وەك ئۆکتۆبەری ساڵی پار توانییان یەکپارچەیی عێراق بپارێزن و سەرکەوتوو بن.»

لێرەوە ئەگەر پرسەکە لە پۆستی سەرۆك کۆمار بهێنینە دەرەوە و ئەو پرسیارە بکەین، دوای ئەوەی یەکێتی نیشتمانی پەنای بۆ



ئەم ئالیەتە برد، بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار وەربگرێت، ئایا رۆڵ و پێگەی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیدا بەرەو کوێ دەچێت؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەڵوەستەی جددی دەوێت و مەزندەی ئەوە دەکرێت لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پرسی داکۆکیکردن لەمافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بگۆڕێت بۆ ململانێیەکی توند لە نێوان گوتارێکی عێراقییانە بەدڵی عەرەبە شۆڤێنییەکان کە یەکێتی نیشتمانی ئێستا بانگەشەی بۆ دەکات، هەروەها گوتارێکی کوردستانییانە بۆ بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی، کە ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەشەی بۆ دەکات و رێبەرایەتیشی دەکات. ئەگەر خوانەخواستە ئەمە رووبدات، ئەوا گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیمان دەبێتە ئەرکێکی زۆر ئاسان و بەرگریکردن لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بەتایبەتی لە پەرلەمانی عێراقدا دەبێتە ئەرکێکی زۆر قورس، ئەگەر نەڵێین دەگاتە ئاستی نیمچە مەحاڵ، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. تێڕوانینی شۆڤێنییانەی عەرەبی عێراق بەرامبەر ماف و کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان، زۆر پێویستیان بە لایەنێکی سەرەکیی کوردستانی وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی خۆیان دەیڵێن و بایەخی نییە، ببێتە گوتاری سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەوانیش لەژێر گوتاری سیاسیی یەکێتیدا بێڕێزی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان بکەن.

٢. پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە دەبێت لە چوارچێوەی ماددەی

> **یەکەم کاردانەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبیش بۆ ئەم گەمەکردنە بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان، ئەو پەیامەی وەفیق سامەرایی کۆنە بەعسی بوو کە نووسیبووی: «پاڵەوانەکانی یەکێتی و لاوانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵیشدا وەک ئۆکتۆبەری ساڵی پار توانییان یەکپارچەیی عێراق بپارێزن و سەرکەتوو بن.»**

١٤٠ی دەستووری عێراقدا هەر سێ قۆناخی (ئاساییکردنەوە و ئامار و راپرسی) بگرێتەوە، بەناوی یەکپارچەیی عێراقەوە بگۆڕێت بۆ مەدەنیکردنەوەی ئەو ناوچانە کە یەکێتی نیشتمانی ئێستا بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا مەترسی دەکەوێتە سەر چارەنووس و ئایندەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و نەک هەر ناگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئەگەر ئەم گوتارە سیاسییەی یەکێتی بەم ئاراستەیە بەردەوام بێت، ئەوا دوور نییە هەر لایەک باسی گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بکات، بە دژایەتی یەکپارچەیی عێراق تۆمەتباری بکەن.

٣. ئاشکرایە شۆڤێنیزمی عەرەبی چەند رق و کینەی بەرامبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیە و چەند هەوڵ دراوە لەماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە وەك هێزێکی میلیشیا پێناسە بکەن و هەڵیبوەشێننەوە، هەربۆیە ئەگەر ئەم گوتارە سیاسییەی ئێستای یەکێتی بەردەوام بێت لەسەر گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان، ئەوا زەمینەیەکی لەبار دروست دەبێت بۆ لە ژێر ئەم گوتارە سیاسییەی یەکێتیدا پەڵپ و بیانووی تازە بە هێزی پێشمەرگە بگرن، یان لانیکەم هێزەکەی خۆیان بخەنەوە بەردەستی حکومەتی عێراق.

٤. ئەگەر ئەم گوتارە سیاسییە عێراقییەی یەکێتی بەردەوام بێت، رق و کینەی یەکێتی بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە ژێر پەردەی دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر هەڵدەکشێت و، بیرکردنەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبی عێراقیش دەمێکە چاوی بەو دەستکەوتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵناوە، کە بوونە فاکتەری ئەوەی هەرێمی کوردستان لە سزاکانی حکومەتی عێراق تا رادەیەکی زۆر پشت بەخۆبەستوو بێت. بۆیە لەوانەیە بەسوودوەرگرتن لە گوتاری سیاسیی عێراقییانەی یەکێتی و دژایەتیی یەکێتی بۆ گوتاری کوردستانییانەی پارتی، زەمینە دەرەخسێت بۆ ئەوەی گوشاری گەورە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەن.

٥. ئەم گوتارە سیاسییەی ئێستای یەکێتی کە داکۆکی لە عێراقیبوونی گەلی کوردستان دەکات و بەئاشکرا دژایەتی مافی چارەنووس دەکات، مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت کە زەمینەیەکی سیاسیی ئەوتۆ لە ناو پەرلەمانی عێراق دروست بکات، کە تێڕوانینی شۆڤێنیزمی عەرەبی زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆی بۆ دروست بێت کە داوای دووبارە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق بکات و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان لەناو دەستووردا بە ئاستێك سنووردار بکەن، کە هیچ بایەخیان بۆ نەمێنێتەوە، دروست وەك جیاوازیی ناوەڕۆکی رێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و یاسای ئۆتۆنومی کە ساڵی ١٩٧٤ رژێمی بەعس تاکلایەنە دەریکرد.

ئەمانە تەنیا بەشێك لەو مەزندە خراپانەن کە لە وەرچەرخانی گوتاری سیاسیی یەکێتی پێشبینی دەکرێت، بۆیە گرنگە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، کێشە و ململانێی لاوەکیی خۆیان وەلانێن و لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەرنامەیەك بۆ رێگرتن لەم دەرهاویشتە خراپە مەزندەبۆکراوانە دابنێن.

### ● رێگرتن لە گەمەکردن
### بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی

مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی هەموو نەتەوەکانی جیهان و گەلی کوردستان، یەك راستی پێکەوە گرێیان دەداتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بڕیاری مقاوەمەت و هەڵگیرسانی شۆڕش و، بوون بەچەکدار، یان پێشمەرگە لەناو ئەو شۆڕشەدا، لەژێر کاریگەریی هیچ حزبێکی سیاسی دروست نەبووە، ئەگەر پرۆگرامی ئەو حزبە لەناو بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی مانیفیستۆ نەکرابێت، هەر بۆیە ئەگەر سەیری شۆڕشی هێندستان بکەین بە رێبەرایەتی ماهاتما گاندی، شۆڕش ئەوکاتە دەبێتە بەشێك لە بیرکردنەوەی گاندی کە سەربازێکی بەریتانی سووکایەتی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی گاندی وەك هیندستانییەك دەکات و لە شەمەندەفەرەکە فڕێی دەداتە خوارەوە، شۆڕشی ئەفریقیای باشوور کاتێك بووە بەشێك لە بیرکردنەوەی نیلسۆن ماندیلا کە لە قوتابخانە ناوە ئەسڵییەکەیان گۆڕی بۆ ماندیلا

**مێژووی خەباتی هەموو نەتەوەکانی جیهان، ئەو راستییەمان پیشان دەدات، کە هیچ حزبێکی سیاسی ئایندەی نابێت، ئەگەر گوتاری سیاسیی خۆی، یان بەرنامەی خۆی لە چوارچێوەی کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بهێنێتە دەرەوە، یان هەوڵیدابێت بە گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەستکەوتی سیاسی بۆخۆی دەستەبەر بکات**

**دوای کۆتاییهاتنی جەنگ و ئازادکردنەوەی پاریس، نەک هەر فلیپ بیتان بووە هێمایەک بۆ خیانەت لە فەرەنسا، بەڵکو هەتا ئێستاش هەر کەسێک کارێک لە دژی بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا بکات، بە ئەولادەکانی فیشی ناوی دەبەن**

و ڕێگەیان نەدا بە ناوێکی ئەفریقی درێژە بە خوێندن بدات، شۆڕشی ئەمریکا ئەو کاتە بووە بەشێك لە بیرکردنەوەی جۆرج واشنتۆن کە پەرلەمانی بەریتانیا بە دانانی باجێکی زۆر لەسەر ئەمریکییەکان، ئیهانەی کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەمریکییەکانی دەکرد، بۆیە لە بەندەری بۆستن دەستیان بە سەر سێ پاپۆڕی چادا گرت و سندوقە چاکانیان فڕیدایە ناو ئاوەکەوە.

ئەم خاڵە هاوبەشانەی ناو مێژووی خەباتی هەموو نەتەوەکانی جیهان، ئەو ڕاستییەمان پیشان دەدات، کە هیچ حزبێکی سیاسی ئایندەی نابێت، ئەگەر گوتاری سیاسیی خۆی، یان بەرنامەی خۆی لە چوارچێوەی کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بهێنێتە دەرەوە، یان هەوڵیدابێت بە گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەستکەوتی سیاسی بۆخۆی دەستەبەر بکات. بۆ ئەمەش نموونەگەلێك هەن و دەکرێت ئاماژە بە یەك دوویەکیان بکەین، هەر بۆ نموونە: ئەوکاتەی مەهاتما گاندی لەچوارچێوەی کەرامەتی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی هێندستاندا ڕێبەرایەتی دژایەتی بەریتانیای دەکرد، لەبەرامبەردا سبهاس چاندرا هەوڵیدەدا بە پشتگیری ئەڵمانیای نازی و ژاپۆن گرووپێکی چەکداری دژی شۆڕشەکەی گاندی لەژێر پەردەی دژایەتی بەریتانیا دروست بکات، بەڵام لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهان و دەرکەوتنی ماهیەت و ئامانجەکانی چاندرا دژی شۆڕشی هێندستان بە سەرۆکایەتی گاندی، خۆی و هێزەکەی بزر بوون و داوتر لە ساڵی ١٩٤٧ هێندستان سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.

هەر لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانی و دوای ئەوەی ئەڵمانیای نازی فەڕەنسای داگیرکرد و حکومەتی فیشیی پاشکۆی لە فەرەنسا بە سەرۆکایەتی فیلیپ بیتان ڕاگەیاند، ئەوکات دیگۆل لە بەریتانیاوە شۆڕشی دژی داگیرکاری نازییەکان ڕاگەیاند و بووە بەشێك لە هێزی هاوپەیمانان لە دژی نازیەت، دوای کۆتاییهاتنی جەنگ و ئازادکردنەوەی پاریس، نەك هەر فلیپ بیتان بووە هێمایەك بۆ خیانەت لە فەڕەنسا، بەڵکو هەتا ئێستاش هەر کەسێك کارێك لە دژی بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا بکات، بە ئەولادەکانی فیشی ناوی دەبەن.

دیارە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستانیشدا، ڕووداوی لەمجۆرە زۆرە کە خەڵکی کوردستان، پێشمەرگایەتی بۆ کوردستان کردووە، نەك حزبێکی سیاسیی دیاریکراو، ئەگەر سەرنج لە حاڵەتی لێکترازانی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بدەین و ئەو پێشمەرگانەی دوای بڕیاری سەرانی مەکتەبی سیاسی کەوتن و گەڕانەوە بۆ لای حکومەتی عێراق و، ئەوانەشی لە چوارچێوەی بەرگریکردن لە کەرامەتی نیشتمانی و نەتەوەیی لەژێر ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی مانەوە، ئەوا خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی خۆڕسکانە تەنیا بەوانەی دەگوت پێشمەرگە کە لە چوارچێوەی بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی لەژێر ڕابەرایەتی بارزانی مابوونەوە، ئەوانەشی دوای بڕیاری سەرانی مەکتەبی سیاسی کەوتبوون و گەڕابوونەوە بۆ لای حکومەت، پێیان دەگوتن: « جاش»و، لەگەڵ ئەوەی کە ئەوانیش هەر بە خۆیان دەگوت «پێشمەرگە» بەڵام خەڵکی کوردستان ئەو ناوەی پێ ڕەوا نەدەبینین و وەك هێمای خیانەت سەیری دەکردن.

ئەم هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییە خۆڕسکە لەناخی تاکی هیچ نەتەوەیەکدا ناسڕێتەوە، تەنانەت ئەوانەشی دەکەونە داوی چوونە دەرەوە لە بازنەی کەرامەتی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان باش دەزانن چ کارێکی ناشیرین و خراپیان دەرهەق بە نەتەوە و نیشتمانی خۆیان کردووە، بۆیە پەنا بۆ هەموو شتێك دەبەن کە خۆیانی لێ دەرباز بکەن، هەروەك چۆن ئەم هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییە دژی کارەساتی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ناخی هەموو تاکێکی کوردستاندا لە هەردوو هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا بە زیندوویی مابووەوە و ببووە دروشمی سەرەکیی تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بێجگە لەو لایەنەی کە خۆی کارەساتەکەی دروستکردبوو.

لەم چوارچێوەیەدا ئێستا سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەو جۆرەیە کە گەمەکردنی

**ئەوانەشی دەکەونە داوی چوونە دەرەوە لە بازنەی کەرامەتی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان باش دەزانن چ کارێکی ناشیرین و خراپیان دەرهەق بە نەتەوە و نیشتمانی خۆیان کردووە، بۆیە پەنا بۆ هەموو شتێك دەبەن کە خۆیانی لێ دەرباز بکەن**

**ئەم هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییە دژی کارەساتی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ناخی هەموو تاکێکی کوردستاندا لە هەردوو هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا بە زیندوویی مابووەوە و ببووە دروشمی سەرەکیی تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بێجگە لەو لایەنەی کە خۆی کارەساتەکەی دروستکردبوو**



**لەماوەی ئەم یەک ساڵەدا هەڵوێستی خەڵکی کوردستانمان بینی کە چۆن سزای ئەو لایەنەیان دا کە دەستی لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەبووە و، خەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە متمانە پێ بەخشینەوە کرد، کە بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان کردەوە**

بە کەرامەتی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بشارێتەوە، هەروەك چۆن سەرانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەوڵیاندا بیخەنە چوارچێوەی دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بەڵام لەماوەی ئەم یەك ساڵەدا هەڵوێستی خەڵکی کوردستانمان بینی کە چۆن سزای ئەو لایەنەیان دا کە دەستیان لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەبووە و، خەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە متمانە پێ بەخشینەوە کرد، کە بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان کردووە.

ڕێگەی ئاسان بۆ ڕێگرتن لە گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی کوردستان لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، پارتی دیموکراتی کوردستان بەرنامە و پڕۆگرامی خۆی جارێکی دیکە بە هاوشێوەی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە بازنەی بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان فراوانتر مانیفیستۆ بکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ڕێگە نەدات گوتاری عێراقییانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە عەرەبە شۆڤێنییەکان سەری بۆ دەلەقێنن، بە تەنیا ببێتە دژی گوتاری کوردستانییانەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو پێویستە گوتاری کوردستانییانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرنامەی حکومەت و پەرلەمانی



داهاتووی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت و ببێتە پرانسیپ و بنەما بۆ هاوپەیمانییەکی تازە لە کوردستاندا و ئەم هاوپەیمانییە تازەیەش هەڵوێستی پەرلەمان و حکومەت بەرامبەر ئەو گەمەکردنە بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان دیاری بکات.

ئەوەی لێرەدا گرنگە هەڵوێستی جددی لەسەر وەربگیرێت، ئەوەیە بەشی هەرە زۆری هاووڵاتیانی سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و تەواوی ناوچەکانی گەرمیان، لە سیاسەتی گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی تووڕەن و ئەم تووڕەییەشیان بە بەشدارینەکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پیشانداوە، خۆ ئەوە لە خۆڕا نییە خەڵکی پارێزگای سلێمانی هەتا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بە ڕێژەی ٩٪ بەشداری هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی کردووە، لە ئێستادا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان هاوکێشەی هێزی لە کوردستان گۆڕیوە، گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بێت، کە خەڵکی ئەو ناوچانە بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و بەشداریکردنیان لە بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕۆڵی خۆیان دیاری بکەن، ئەمەش کارێکی ئەستەم نییە و تەنیا پێویستی بەوەیە ڕێگە نەدەین گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشمانی لەژێر پەردەی دژایەتی یەکێتی بۆ پارتی بشاردرێتەوە.

**ڕێگەی ئاسان بۆ ڕێگرتن لە گەمەکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی کوردستان لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، پارتی دیموکراتی کوردستان بەرنامە و پڕۆگرامی خۆی جارێکی دیکە بە هاوشێوەی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە بازنەی بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان فراوانتر مانیفیستۆ بکاتەوە**



## بەشار کیکی

ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار پەرەسەندنێکی مەترسیدار بوو

هەمیشە باس لە گرنگیی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی لایەنە کوردییەکان دەکرێت لە بەغدا بۆ ئەوەی بتوانن لە پێگەیەکی بەهێزەوە کار لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد بکەن و ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان ببینن، بەڵام هەر لە سەرەتای خولی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا وا دەردەکەوێت ئاستەنگ بۆ ئەم یەکڕیزییە دروست بوویێت، ئەم پرسە و ڕەوشی سیاسیی عێراق و ڕۆڵی کورد تێیدا لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بەشار کیکی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان تاوتوێ کران.

*** لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی ئەمجارەی عێراق تازە دەستی پێکردووە، بەڵام هەر سێ سەرۆکایەتییەکە دانران، ئایا بەشێوەیەکی گشتی چۆن سەیری پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەکەیت و بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- ئەگەر پرۆسەی سیاسی وا بڕوات دەرئەنجام کەموکورتی و کێشەی تێدەکەوێت بەتایبەت بۆ کورد، ئەم حاڵەتە بەجوانی دەرکەوت لەکاتی یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار کە دوور بوو لە تەوافوق و دەنگدانێك کە بە راستی پۆستەکە بۆ کورد بێت، بەمەش تەواوی پرۆسەکە تێکدراو بە رێکاری سرووشتیی خۆیدا تێپەڕ نەبوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق دەبێت، چونکە یەکەم ئەو عورفە تێکدرا کە پۆستەکە بە رێکاری خۆیدا بڕوات و بۆ کورد بێت، هەروەها لایەنی دووەمیش ئەوەیە کە چۆن دەبێت کەمینەیەك لەناو کورد بەپێچەوانەی عورفی سیاسی و پرۆسەی دیموکراتی نوێنەرایەتی زۆرینەی کورد بکات؟ چونکە ئەو کەسە هەرگیز ناتوانێت فاکتەرێکی کاریگەر بێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، یاخود نوێنەرایەتیی کورد بکات لە بەغدا، ئەمەش لەلای ئێمە قابیلی قبووڵ نییە.

*** وەکو ئاماژەت پێدا عورفی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لەدوای ٢٠٠٣ بەو جۆرە بووە کە هەرسێ پۆستی سەرۆکایەتیی (کۆمار و پەرلەمان و وەزیران) لە نێوان هەرسێ پێکهاتەی سەرەکیی (کورد و شیعە و سوننە) دابەش بکرێت، بەڵام لە پرۆسەی ئەمجارەدا هەندێك گۆڕانکاری بەسەردا هات و زیاتر پرسەکان لەناو پەرلەمان یەکلاکراوەتەوە، ئایا تاچەند ئەم گۆڕانکارییانە جێگەی سەرنجە و ئێوە چۆن سەیری ئەم گۆڕانکارییە دەکەن؟**

- کاتێك لە عێراقدا هەوڵێك هەبێت بۆ بێبەشکردنی زۆرینەی کورد لە پۆستێکی سیادی، ئەمە گۆڕانکارییەکی مەترسیدارە لەسەر کۆی پرۆسە سیاسییەکە و کاریگەری دەبێت بێبەشکردنی کورد لەمافە دەستووری و یاساییەکانی، چونکە ئەوان دەچن خەڵکانێك دەهێنن بۆ ئەوەی هەموو داوا رەواکانی خەڵکی کوردستان داواکاریی رواڵەتی بن. باشە کە دکتۆر بەرهەم دوو کورسیی هەیە و نیوەی حزبەکەی لەگەڵ نییەو بە زۆرینەی دەنگی کورد دانەنراوە، ئیتر چۆن دەتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانە کە ١٥ ساڵە لەنێوان بەغداو هەولێر هەیە؟ دەبووایە پەرلەمانتارانی یەکێتی لە پەرلەمان ئەمەیان قبووڵ نەکردایە کە دکتۆر بەرهەم بەدەر لە زۆرینەی دەنگی کورد بچێتە ناو قووبەی پەرلەمان، تەنانەت دەبووایە یەکێتیش ئەمەی قبووڵ نەکردایە، بگرە پێویستە بو سوننە و شیعەش ئەمە قبووڵ نەکەن، چونکە سوننە و شیعە دەبووایە لەگەڵ زۆرینەی کوردو ئیستحقاقاتی کورد هەڵسوکەوتیان بکردایە، کە بە گوێرەی ئیستحقاق پۆستی سەرۆك کۆمار مافی کوتلەی گەورەو زۆرینەی کورد بوو کە پێویستە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان بکەوتایە، کە بەپێچەوانەی ئەمەشەوە هەڵسوکەوت کرا، واتا گەڕاینەوە بۆ سەردەمانی کۆن کە کابرایەکیان بە ناوی کوردەوە دەهێناو دەیانکردە جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، یاخود جێگری سەرۆك وەزیران، گوایە ئەم کەسە لە حکومەتی بەعسی عێراقدا نوێنەرایەتی کورد دەکات، بەڵام ئەوانەی نوێنەرایەتی کوردیان بەشێوەی راستەقینەو دیموکراتی و زۆرینە دەکرد، پشتگوێ دەخران، هەر بەم شێوەیەش دکتۆر بەرهەم چارەسەری کێشەی نێوان عێراق و هەولێر ناکات.

*** باشە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا کە پشکی کوردە دەبوو کاندیدەکە بە بژاردەی نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بێت، بەڵام یەکێتی نیشتمانی نەیهێشت لەناو فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەڵبژێردرێت و راستەوخۆ پرسەکە برایە ناو پەرلەمان، ئایا ئەو ئالیەتەی ئەمجارە سەرۆك کۆماری پێ هەڵبژێرا، لەگەڵ عورفی سیاسی و پرۆسەی سیاسیی عێراق لەدوای ٢٠٠٣ یەك دەگرێتەوە؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا ئەم هەنگاوەی دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆماری عێراق دوور بوو لە عورفی سیاسییەوە، ئێمە لە بەرامبەر دوو ئاراستەدا بووین، ئاراستەیەکیان ئێمە کاندیدێکمان دەستنیشان بکردایە کە دەنگی زۆرینەی کوردی لەناو هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان لەسەر بێت، کە کاندیدی پارتی دیموکراتی

**چۆن دەبێت کەمینەیەک لەناو کورد بە پێچەوانەی عورفی سیاسی و پرۆسەی دیموکراتی نوێنەرایەتی زۆرینەی کورد بکات؟**

**دکتۆر بەرهەم دوو کورسیی هەیە و نیوەی حزبەکەی لەگەڵ نییەو بە زۆرینەی دەنگی کورد دانەنراوە، ئیتر چۆن دەتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانە کە ١٥ ساڵە لەنێوان بەغداو هەولێر هەیە؟**

**سوننە و شیعە دەبووایە لەگەڵ زۆرینەی کوردو ئیستحقاقاتی کورد هەڵسوکەوتیان بکردایە، کە بە گوێرەی ئیستحقاق پۆستی سەرۆك کۆمار مافی کوتلەی گەورەو زۆرینەی کورد بوو**




کوردستانە، یاخود کاندیدێک بێتە پەرلەمان بەدوور لە زۆرینەی دەنگی کوردی، لەمەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە خولەکانی دواییدا دەیویست کات دەستەبەر بکات، تاوەکو پارتی بە زۆرینەی دەنگ کاندیدەکەی بێنێتە ناو پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی ئەو عورفە سیاسییەی لەنێوان پێکهاتەکاندا لە عێراق هەیە، نەشێکێندرێت، هەر بۆیە پارتی پێداگری کرد لەسەر پابەندبوون بەو عورفەی پێشووەوە بەوەی کورد خۆی نوێنەری خۆی دەستنیشان بکات و دواتر لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت، ئەو کاتە سوننە و شیعەش ئەوە رەچاو بکەن کە نوێنەرو کاندیدی کورد هەڵبژێرن، بەڵام ئەوەی روویدا تێکدانی ئەم رێکارە بوو، چونکە بەرهەم ساڵح لە ساڵی ٢٠١٤وە چاوی لەوە بووە ببێتە سەرۆك کۆماری عێراق، ئەوە بوو برادەرانی یەکێتی نیشتمانیش ئەو بارودۆخەیان دروست کرد کە بینیمان، چونکە یەکێتی لەدوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و کارەساتی کەرکووك تووشی رەوشێکی خراپ و سەخت بوو و نەیتوانی وەڵامی خەڵکی کوردستان بداتەوە، تەنانەت نەیانتوانی لە پرۆسەی پاراستنی نیشتمان و ئارامیی کەرکووك سەرکەوتوو بێت.

*** ئەم هەنگاوەی یەکێتی بۆ خۆدوورخستنەوە لە رای فراکسیۆنە کوردستانییەکان جارێکی دیکە بۆنی ئەوەی لێ دێت کە یەکڕیزیی نێوان پارتی و یەکێتی درزی تێبکەوێت، ئایا ئەگەر ئەو درزە بکەوێتە نێوان پارتی و یەکێتی تاچەند کاریگەری لەسەر پشکی کورد لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا دەبێت؟**

- لەسەر ئاستی فراکسیۆن بۆ هەڵسوکەوتکردن لەسەر بارودۆخەکە چاوەڕوانی رێنمایی و بڕیارەکانی پارتی دەکەین، کە بە تەئکید دیراسەتێکی وردی بارودۆخەکە دەکرێت، ئێمە دوژمنمان نییە، بەڵام پێویستە بزانین کێ دۆستمانە و کێ دۆستمان نییە، چونکە هەندێك کەس دۆستمان نین، لە ئەزموونی پێشوودا ئێمە هۆکاری سەرکەوتنی پێکهێنانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بووین و دەمانویست ئەمجارەش بەهەمان شێوە هۆکار بین بۆ دەستنیشانکردن و کاندیدکردنی سەرۆك کۆمار.
سەبارەت بە سەرۆك وەزیران بە تەئکید پارتی دەستی تێدا نییە، چونکە ئێمە دەمانویست بە فاکتەرێکی یەکگرتوو ئەو بابەتە پێکبهێنین، بۆیە نەچووینە ژێر باڵی هیچ کوتلەیەکی گەورەی پەرلەمانی، ئێمە کێشەی مەزهەبیمان نییە، بەڵکو کێشەی نەتەوەییمان هەیە و کار بۆ پاراستنی مافەکانی نەتەوەییمان دەکەین، لەمەشدا ئەرکی سەرشانمانە پلەو پۆستی سیادی و سیاسیش بپارێزین تاوەکو لەو رێگایەوە ئەو ئامانجە نەتەوەییە دەستەبەر بکەین و جارێکی دی کەس نەیەت و بڕیار لەدژی کورد بدات، ئەم هەفتەیە لە هەولێر دەبین تاوەکو بزانین سەرکردایەتیی ئێمە چ بڕیارێك دەدات.
پارتی وەکو فاکتەرێکی بەهێزی ناو گۆڕەپانی سیاسیی عێراق هەر دەمێنێت، هەموو کوتلە و خەڵکە سیاسییەکەش باش دەزانێت لەناو عێراق و کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵ و پێگەو بڕیاری خۆی هەیە، ئەوان بە فەرزکردنی سەرۆك کۆمار ناتوانن چییان بوێت لەدژی کورد فەرزی بکەن، پارتی خاوەن دۆزێکی رەوای خەڵکی کوردستانەو لەناو ئەو ستراتیژییەتەدا کار دەکات و ئەو ئیجرائاتانەی گرتیانەبەر بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی سەرۆك کۆمار قابیلی قبووڵ نییە، چونکە ئەو کارو

**گەڕاینەوە بۆ سەردەمانی کۆن کە کابرایەکیان بە ناوی کوردەوە دەهێناو دەیانکردە جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، یاخود جێگری سەرۆک وەزیران، گوایە ئەم کەسە لە حکومەتی بەعسی عێراقدا نوێنەرایەتی کورد دەکات، بەڵام ئەوانەی نوێنەرایەتی کوردیان بەشێوەی راستەقینەو دیموکراتی و زۆرینە دەکرد، پشتگوێ دەخران**

**یەکێتی لەدوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و کارەساتی کەرکووک تووشی رەوشێکی خراپ و سەخت بوو و نەیتوانی وەڵامی خەڵکی کوردستان بداتەوە، تەنانەت نەیانتوانی لە پرۆسەی پاراستنی نیشتمان و ئارامیی کەرکووک سەرکەوتوو بێت**



ڕێکارانە مەترسی لێدەکەوێتەوە لەسەر یەکڕیزیی کورد، ئێمە گلەییمان لە برادەرانی یەکێتی و کوتلەی دیکەش هەیە، چونکە ئەم مەسەلەیە تەنیا تایبەت نییە بە پارتی، بۆ دەبێت تەنیا پارتی داوای یەکڕیزیی نێوماڵی کوردو خەمخۆرو دڵسۆزی ئەو یەکڕیزییە بێت؟

*** ئێستا عادل عەبدولمەهدی وەك كاندیدی لیستی فەتح و سائیرون ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی کابینەی حکومەت پێکبهێنێت، بۆ ئەمەش لەگەڵ لایەنەکان و پێکهاتەکان دەست دەکات بە دانوستاندن بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەتدا بکەن، ئایا کورد لەم حکومەتەدا پشکەکانی چۆن دەبێت و چۆن لەنێوان لایەنە سیاسییەکان دابەش دەکرێت؟**

- ئەم بابەتە لە دیراسەتدایە، بەڵام ڕای شەخسی خۆم ئەوەیە مادام نەفەسی لەبەرچاونەگرتنی ڕاوبۆچوونی زۆرینەی کورد هەیە، کەواتە دەبێت هەڵوەستە بکەین و بەئاسانی بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتی تازەی فیدراڵی نەکەین.

*** هەندێك لە چاودێران پێیانوایە حکومەتی داهاتووی عێراق حکومەتێکی بەهێز نابێت، ئەو مەزەندەیە لەسەر چی هاتووە کە بەهێز نابێت؟ ئایا ئەگەر بەهێز نەبێت و نەتوانێت ناوچە کاولکراوەکانی وەك نەینەواو ئەنبارو دیالە ئاوەدان بکاتەوەو خزمەتگوزاری پێشکەشی هاووڵاتیان بکات، تاچەند مەترسیی ناسەقامگیریی سیاسی و فەشەلیی حکومەتەکە دەکرێت؟**

ئێمە وا بەئاسانی ناچینە حکومەتێکەوە ڕەچاوی مافەکانی کوردو کوردستانی تێدا نەکرێت، ئەمەش زەمانەتی زۆر ڕوون و ئاشکرای دەوێت. لەلایەکی ترەوە بەهیچ شێوەیەك پێشبینی ناکەین ئەو حکومەتە تازەیەی عێراق کە دروست دەکرێت، بەهێز بێت و لەو ئاستەدا بێت بتوانێت شاروشارۆچکە وێرانکراوەکانی وەکو دەشتی نەینەواو شاری موسڵ و ئەنبارو.. تادوایی ئاوەدان بکاتەوە، هەروەها لەئاستی پێویست نابێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفت و کێشە ئیداری و خزمەتگوزارییەکان، چونکە حکومەتێك بەرنامەیەکی سیاسی ڕوون و ئاشکرای نەبێت و سەرۆك وەزیران بەرنامەی خۆی پێشکەش نەکردبێت، بە تەئکید حکومەتێکی سەرکەوتوو نابێت لەسەر داواکارییەکانی خەڵك و گەلی عێراق و کوردستان.

**ئێمە کێشەی مەزهەبیمان نییە، بەڵکو کێشەی نەتەوەییمان هەیە و کار بۆ پاراستنی مافەکانی نەتەوەییمان دەکەین، لەمەشدا ئەرکی سەرشانمانە پلەو پۆستی سیادی و سیاسیش بپارێزین تاوەکو لەو ڕێگایەوە ئەو ئامانجە نەتەوەییە دەستەبەر بکەین**



**لەگەڵ دەستپێکردنی کاری پەرلەمانی عێراقدا چاوەڕوان دەکرا، کوتلە کوردییەکان هاوهەڵوێست بن و پێکەوە پێداگریی جددی بکەن لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەك ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەڵام کەمترین شتێك کە لەسەر رووداوەکانی ئەم دواییە و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارەوە بوترێت، ئەوەیە کە ئەمە سەرەتایەکی ئومێدبەخش نەبوو بۆ هێنانەدی ئەو هاوهەڵوێستییە، ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ د. محەمەد شاکر ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

*** لە خولەکانی پێشتری پەرلەماندا، ئاستەنگی سەرەکی بۆ جێبەجێنەکردنی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان تەنیا شۆڤێنی عەرەبی بوو کە (شیعە و سوننە) لە دژی کوردستان لە بازنەیەك پێکەوەی کۆدەکردنەوە، بەڵام ئەمجارە هەر لەسەرەتاوە پێدەچێت، بەشێك لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ دژایەتیکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بوونە رێگەپیشاندەری فراکسیۆنەکانی دیکە، ئایا لەم ماوە کورتەدا تاچەند هەستان بەم حاڵەتە کردووە؟**

- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە گیانێکی برایەتییەوە چووەتە عێراق و بە یەك شێواز مامەڵەمان لەگەڵ هەموو پەرلەمانتارەکانی سوننە و شیعە کردووە، بەڵام بە داخەوە ئەوەی هەرگیز بەبیرمان نەدەهات و چاوەڕواننەکراو بوو، ئەوە بوو ئەندام پەرلەمانەکانی یەکێتی بەمشێوەیە مامەڵە بکەن، چونکە شاندی باڵای دانوستاندن و گفتوگۆ لەگەڵ عێراق و کوتلەکانی سوننەو شیعە لە پارتی و یەکێتی پێکهاتبوو، واتە هاوپەیمانیی کوردستانی ئەم دوو لایەنەی لەخۆدەگرێت کە وەرەقەی گفتوگۆیان هەبوو بۆ بەرگریکردن لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان. بەڵام بەداخەوە ئەوان بوون کە خیانەتیان دەرهەق بە گەلی کوردستان کردو یەکڕیزیی نێوماڵی کوردیان تێکدا، چونکە ئەگەر ئێمە- وەك پارتی

## دکتۆر محەمەد شاکر

ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەو گوتارە عێراقچییەی ئێستای یەکێتی تەنیا دژی پارتی نییە بەڵکو دژی هەموو خەڵکی کوردستانە

و یەکێتی- پێکەوە بووینایە، هەڵوێست و پێگەمان بەهێز دەبوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان و دەمانتوانی بەشێکی زۆری ئەو مافانە بەدەست بهێنن، نەك لە پشتەوە خەنجەر لە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.

*** سەرۆك بارزانی و پارتی بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەتا ئەگەر هەمووشیان پێکەوە بن ئەوا ژمارەی کورسییەکانیان نزیکەی ٦٠ کورسی دەبێت و هەر کەمینە دەبن، بۆیە گرنگە هەموو فراکسیۆنەکان پێکەوە کار بکەن و لەناو پەرلەماندا لۆبی دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەرییان لەسەر یاساکان و بڕیارەکانی ناو پەرلەمان هەبێت، بەڵام ئەوەی دەیبینین، ئێستا فراکسیۆنە کوردستانییەکان خۆیان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا لۆبی دژی پارتی دەکەن، ئایا تاچەند لەم خولەدا ئەرکی فراکسیۆنی پارتی قورستر دەبێت؟**

- ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین هەموو کورد لەژێر یەك هاوپەیمانی بچنە نێو دانوستانەکانەوە، جەنابی سەرۆك بارزانی چەندین جار داوای ئەو یەکڕیزی و هاوپەیمانێتییەی لە فراکسیۆنە کوردییەکان کرد، بەڵام لە کۆتاییدا هاوپەیمانێتی بەو جۆرە کرا، تەنیا پارتی و یەکێتی بەشدار بوون و لایەنەکانی تری کوردستانی بەشدارییان لەو هاوپەیمانێتییە نەکرد، چونکە ئێمە وەکو کورد بەراورد بە ٣٢٩ کورسی پەرلەمانی بە هەموو کورسیی لایەنە کوردستانییەکانەوە کەمینەین و تەنیا ٥٨ کورسیمان هەیە، بەڵام هێزی ئێمە لەوەدایە کە ئێمە نوێنەرایەتی نەتەوەیەك دەکەین و ئەگەر بتوانین یەکهەڵوێست و یەکڕیز بین ئەوا زۆرترین ماف بۆ گەلەکەمان دەستەبەر دەکەین. هەر لەم روانگەیەوە جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو کات تەئکید لەسەر یەکهەڵوێستی و یەکڕیزیی کورد دەکاتەوە، داوای لە ئێمەش کرد وەکو ئەندام پەرلەمانەکانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەڵسوکەوت و هەڵوێستمان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تری کورد باش بێت، هەر واش بووە و بەمشێوەیە هەڵسوکەوتمان کردووەو زۆر هەوڵی کۆکردنەوەی هەموو لایەنە کوردستانییەکانمان دا لەناو یەك هاوپەیمانێتی، بەڵام بەداخەوە لایەنەکانی دیکە هەندێ ئامانجی حزبییان لا گرنگتر بوو لە یەکڕیزیی نێوماڵی کورد. بەڵام ئەوەی پەرۆشە لەم رووەوە تەنیا پارتییە، راستە سەرەتا یەکێتی لەگەڵ ئێمە بوو کە پێکەوە ٤٣ کورسیمان هەبوو، دەمانتوانی بەناوی کوردیشەوە قسە بکەین، بەڵام بەداخەوە ئەوان بە شێوازێکی دیکە مامەڵەیان کرد، ئەمەش دۆخێك

**سەرۆک بارزانی لەچەندین کۆبوونەوەدا باسی لەو راستییە کرد، کە عێراق ئێمەیان ناوێت و هەموو دەرگاکانیان بۆ ژیان و گفتوگۆ داخستووە، بۆیە ئێمە ناچاربووین و هیچ رێگایەکی دیکەمان نەما و دواجار رێگای ریفراندۆممان گرتەبەر کە ئەمەش مافێکی رەوا و سرووشتیی خۆمانە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان**

دروست دەکات کە ئەگەر ئێمە لە نێو ماڵی خۆمان رێکنەکەوین، ئەوا هەر داواکارییەکی ئێمە لەبەغدا وا دەخوێندرێتەوە کە داواکاری پارتییە. کەواتە چوونی هەندێ لە کوردەکان بۆ ژێر باڵی ئەوان، ئەوا تا رادەیەکی زۆر نائومێدی دروست دەکات کە نەتوانین بەرەوپێش بچین و نەتوانین ئەو غەدرو زوڵمانەی لەگەلی کوردستان کراوە، نەیهێڵین، هەر لە بودجەی گشتی و مافی پێشمەرگە و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و تا دوایی. ئەمەش ئەرکی ئێمەی قورس کردووە، کە ئەرکی ئێمەش ئەوەیە لە پەرلەمانی عێراق داواکار و بەرگریکاری بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد بین، بەتایبەتی مافە دەستوورییەکان کە بەدەست نەهاتووە و، کار بۆ بەدیهێنانی بنەمای (تەوافوق و تەوازن و شەراکەت) بکەین کە ئێمە هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دانوستاندنمان کردووە، چونکە ئەمانە پێویستیان بە هاوهەڵوێستی دەبێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لایەنە عەرەبییەکان باش دەزانن پارتی هێزێك نییە وا بەئاسانی پەراوێز بخرێت، چونکە پارتی نوێنەرایەتی شەقامی کوردی دەکات و زۆرترین کورسی بەدەستهێناوە و لەسەر ئاستی عێراق وەکو حزب و لەسەر ئاستی کوردستانیش خاوەنی زۆرترین کورسییە.

*** لایەنێکی دیکەی مەترسیدار کە ئێمە لە دوورەوە هەستی پێدەکەین، ئەوەیە کە خەریکە ململانێیەکی توند لەنێوان خیتابی کوردستانی و پارتی و خیتابی عێراقییانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروست دەبێت، ئەمەشمان بە راشکاوانە لە ململانێی بەرهەم ساڵح بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار بینی، پرسیاری گرنگ ئەوەیە تاچەند خیتابی عێراقییانەی یەکێتی بۆتە هۆکار و ئاستەنگ بۆ خیتابی کوردستانیی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان؟**

- کە ئێمە دەچینە بەغدا نوێنەرایەتیی گەلی کورد و کوردستان دەکەین، کوردستانیش بەشێکە لە عێراق و ئێمە بەشداریی هەڵبژاردنمان کردووە و دەنگی خەڵکمان مسۆگەر کردووە، ئاشکرایە کە پارتی و یەکێتی و هەموو حزبەکانی دیکەش بەشدارییان لە بونیادنانی عێراق کردووە، ئێمە لە ٢٠٠٣ وەکو سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەشداریمان لەم بونیادنانە کردووە، لە کاتێکدا ئێمە لە کوردستان ئیدارە و حوکمی سەربەخۆی خۆمان هەبووە. واتە ئێمە ئارەزوومەندانە گەڕاینەوە و لەسەر بنەمای ئەوەی عێراقێك دابمەزرێت کە دەستوور ببێتە دادوەر لە نێوانماندا و دەوڵەتێك دروست بێت کە یاسا سەروەر بێت تێیدا و مافی هەموو لایەك پارێزراو بێت. ئەوان پێچەوانەی ئەمە رەفتاریان کرد، هەر لە پەراوێزخستن و بڕینی بودجە و سەپاندنی ئابلۆقە بەسەر هەرێمی کوردستان، تا گەیشتە رادەی بەکارهێنانی هێز. هەر بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێداگری دەکات لەسەر مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان و داوای ریفراندۆمی کرد، ئەو کات جەنابی سەرۆك بارزانی لەچەندین کۆبوونەوەدا باسی لەو راستییە کرد، کە عێراق ئێمەیان ناوێت و هەموو دەرگاکانیان بۆ ژیان و گفتوگۆ داخستووە، بۆیە ئێمە ناچاربووین و هیچ رێگایەکی دیکەمان نەما و دواجار رێگای ریفراندۆممان گرتەبەر کە ئەمەش مافێکی رەوا و سرووشتیی خۆمانە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، ئێستاش کە دووبارە گەڕاینەوە بەغدا بە ئامانجی ئەوەیە بەشداربین، بەڵام پێویست بەوە ناکات یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خیتابی عێراقییانە پەیڕەو بکات، کە ئەوان بۆ بەرژەوەندیی حزبی خۆیان بەکاری دەهێنن، بەڵام کاریگەری خراپی لەسەر کوردستان و خەڵکەکەمان دەکات، ئەوەی یەکێتی لە خیتابی عێراقچێتی دەیکات دژی پارتی نییە، بەڵکو دژی خەڵکی کوردستانە. دواتر ئێمە هەرهەمووومان لە پرۆسەی ریفراندۆم بەشدار بووین و ئێستا کە چووینەتە بەغدا پێویستە ئێمە بە عەرەبەکان بڵێین، ئەوە ئێمەین دەستی هاوکاری و پێکەوەژیانمان بۆتان درێژ کردووە، ئەوە ئێوە بوون بە دەنگمانەوە نەهاتن و وەکو هاووڵاتی هەڵسوکەوتتان لەگەڵ نەکردین، مەبەستم ئەوەیە دەبوو ئەمە خیتابی هەموومان بێت لە بەغدا بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ. نەك وروژاندنی پرسێك کە کورد تێیدا زیانمەند بێت. بەڵام دیارە یەکێتی نیشتمانی بەرژەوەندیی حزبی لا گرنگترە.

*** فراکسیۆنەکانی شیعەو سوننە لەگەڵ ئەوەی بەشێکیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانن، بەڵام کە دەگاتە سەر خیتابی کوردستانییانەی پارتی و خیتابی عێراقییانەی یەکێتی هەست دەکەین پەرلەمانتارەکانیان پابەندی هاوپەیمانیی فراکسیۆنەکانیان نابن، ئایا ئەگەر بارودۆخەکە بەمجۆرە بڕوات خیتابی عێراقییانەی یەکێتی نابێتە هۆکاری ئەوەی کە قسەکردن بە زمانی خیتابی کوردستانییانەی پارتی لەناو پەرلەمانی عێراقدا جێگەی نەبێتەوە؟**

**ئەگەر ئێمە وەک پارتی و یەکێتی پێکەوە بووینایە، هەڵوێست و پێگەمان بەهێز دەبوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان و دەمانتوانی بەشێکی زۆری ئەو مافانە بەدەست بهێنن، نەک لە پشتەوە خەنجەر لە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن**

**ئێمە وەکو کورد بەراورد بە ٣٢٩ کورسی پەرلەمانی بە هەموو کورسیی لایەنە کوردستانییەکانەوە کەمینەین و تەنیا ٥٨ کورسیمان هەیە، بەڵام هێزی ئێمە لەوەدایە کە ئێمە نوێنەرایەتی نەتەوەیەک دەکەین و ئەگەر بتوانین یەکهەڵوێست و یەکڕیز بین ئەوا زۆرترین ماف بۆ گەلەکەمان دەستەبەر دەکەین**

- ئەمە زۆر راستە؛ چونکە ئەندام پەرلەمانەکانی هەر فراکسیۆنێك ئەگەر گوێڕایەڵی فراکسیۆنی خۆیان بن، ئەوا تەماشای هەندێك رەهەندی دوورتر دەکەن و بە شێوەیەکی سادەو ساکار بیرناکەنەوە، بەڵام ئەو حزبانەی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئامانجی ستراتیژی هەیە و ئەندامەکانیشی پابەندی ئەو ئامانجەن، لەهەموو کاتێکدا سەرکەوتووتر و دووربینتر دەبن. دواتر من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەندێ فراکسیۆن- بە شیعە و سوننەوە- هەن عەقڵانی بیر دەکەنەوە و هەڵوێستیان لەگەڵ پارتی باشە و کاتێکیش هەڵسوکەت لەگەڵ پارتی دەکەن، بۆیان دەردەکەوێت کە پارتی چەند بەهێزەو کاریگەری گەورەی هەیە و پارتی لە شەقامی عێراقدا بەهیچ جۆرێك ناتوانرێت پەراوێز بخرێت و لەکوردستانیشدا بەهێزترین حزب پارتییە بۆیە بە لۆژیك مامەڵە لەگەڵ پارتی دەکەن و هەڵوێستیان باشە لەگەڵ پارتی و دەزانن مامەڵەی باش لەگەڵ پارتی دەرئەنجامی باشی هەیە. بەڵام ئەو عەرەبانەی دیکە کە عاتیفییانە بیر دەکەنەوە، ئەوا دەکەونە ژێر کاریگەری هەندێ خیتابەوە، لەوانە خیتابی یەکێتی نیشتمانی کە ئەوەی بەلای ئەم حزبەشەوە گرنگە بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیانە- بەدیهێنانی ئەو پۆستانەیە کە دەیانەوێت- و زمانێك بەکاردەهێنێت کە دەیەوێت بەرامبەرەکەی ناشیرین بکات و بەخراپ پیشانی بدات کە ئەمەش بە دڵنیاییەوە کاریگەری خراپی دەبێت.

*** دیارە لایەنە کوردستانییەکان جەخت لەسەر (توازن و تەوافوق و شەراکەت) دەکەنەوە لەگەڵ لایەنە عەرەبیەکانی عێراق، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە لەناو خۆماندا بڕوامان بە (توازن و تەوافوق و شەراکەت) نەبێت، چۆن ئەم داوایە لەبەرامبەرەکەمان دەکەین؟**

-ئەمە پرسیارێکی گرنگە؛ کاتێك یەکێتیش لەگەڵماندا بوو لە دانوستانەکان تەئکیدمان لەسەر ئەو سێ بنەمایە دەکردەوە، چونکە تەوازن و تەوافوق و شەراکەت چەند بنەماو داواکارییەك زۆر گرنگ لەخۆدەگرێت کە ئایندەی گەلی کوردستان دەگۆڕێت، لەمەشدا پێویستمان بە یەکهەڵوێستی دەبێت، چونکە ئەگەر مامەڵە لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە بکرێت، ئێمە هەر کەمینەین، بەڵام لە دەستووری عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق نووسراوەتەوە، واتە دەستووری پێکهاتە و نەتەوەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خۆمان یەکهەڵوێست بین، چونکە ئەو پەرتەوازەییەی لە ئێستادا هەیە، کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر داواکارییەکانمان. یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی هەر پەیوەندی بەو بنەمایانەوە هەیە مەسەلەی دەستنیشانکردن و کاندیدکردنی سەرۆك کۆمارە وەکو عورفێك بە تەوافوق لەنێوان پێکهاتەکاندا کە سەرۆك پەرلەمان بۆ سوننەیە و سەرۆك کۆمار بۆ کوردەو سەرۆك وەزیران بۆ شیعەیە لە خولەکانی پێشووتریش بە دوو حاڵەت بووە، لەهەردوو حاڵەتەکەدا سەرۆك کۆمار نوێنەرایەتی پێکهاتەی کوردی بووە و حاڵەتی یەکەم کورد بە یەك کاندید بەشداری کردووە، لە حاڵەتی دووەم لە هەندێك خول بەمجۆرە بووە، ئەگەر دوو یاخود سێ کاندیدی کورد بۆ سەرۆك کۆمار هەبووایە، فراکسیۆنە کوردییەکان لەنێوان خۆیاندا لەم چەند کاندیدە تەنیا یەك کاندیدیان هەڵدەبژارد و دەبووە نوێنەری کورد و دواتر دەچووە ناو هۆڵی پەرلەمان و دەنگی لەسەر دەدرا، بەداخەوە ئەمجارە هەموو عورفەکە تێکدراو بەچەند کاندیدێك چووە ناو پەرلەمان و لایەنی سوننەو شیعەش ئەو کاندیدەیان هەڵبژارد کە بەدەنگی کورد هەڵنەبژێردراوە و بەدەنگی عەرەب دانراوە، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرۆك کۆماری عێراق نوێنەری عەرەبەکانە، نەك نوێنەری گەلی کوردستان. ئەمە لە کاتێکدا هەر لە سەرەتاوە هەوڵ و ئامانجی پارتی- کە جەنابی سەرۆکیش تەئکیدی لەسەرکردەوە- ئەوە بوو کاندیدێکی کورد بۆ ئەم پۆستە دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کاندیدە هەست بکات کە نوێنەری کوردە، بەڵام یەکێتی نیشتیمانی تاکلایەنانە د.بەرهەمیان کاندید کرد، دواتریش کە گفتوگۆ کرا، یەکێتی رازی بوو کە بە یەك کاندید دەچینە ناو پەرلەمان و دکتۆر بەرهەم خۆی لە کاندید دەکشێنێتەوە و لەسەر ئەم بنەمایەش ئێمە چووینە نێو پەرلەمان و تەنانەت ئەو تێڕوانینە لای عەرەبەکانیش دروست بوو کە تەنیا یەك کاندیدمان هەیە، هەر بۆیە رێژەی ئەندام پەرلەمانەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە تەواو بوو، ئەوە بوو بڕیار درا تەنیا کاندید دکتۆر فوئاد حوسێن بێت، کەچی یەکێتی دکتۆر بەرهەمیان هێنایە ناو هۆڵی پەرلەمان و گوتیان ئێمە پەشیمان بووینەتەوە و کاندیدی خۆمان ناکشێنینەوە، من نازانم ناوی چی لەم حاڵەتە بنێم، کە ئەوان راستگۆ نەبوون لەگەڵ هاوبەشەکەیان کە پارتییە و چەندین ساڵە رێککەوتنی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەیە و بە هاوبەش لە بەغدا دانوستانیان کردووە.

**لایەنە عەرەبییەکان باش دەزانن پارتی هێزێک نییە وا بەئاسانی پەراوێز بخرێت، چونکە پارتی نوێنەرایەتی شەقامی کوردی دەکات و زۆرترین کورسی بەدەستهێناوە و لەسەر ئاستی عێراق وەکو حزب و لەسەر ئاستی کوردستانیش خاوەنی زۆرترین کورسییە**

**هەندێ فراکسیۆن- بە شیعە و سوننەوە- هەن عەقڵانی بیر دەکەنەوە و هەڵوێستیان لەگەڵ پارتی باشە و کاتێکیش هەڵسوکەت لەگەڵ پارتی دەکەن، بۆیان دەردەکەوێت کە پارتی چەند بەهێزەو کاریگەریی گەورەی هەیە و پارتی لە شەقامی عێراقدا بەهیچ جۆرێک ناتوانرێت پەراوێز بخرێت**

دیمانەی تایبەت

## ویلیام وۆلفۆرس

**تایبەتمەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:**

# ترەمپ بە رۆحیەتی بازرگانی مامەڵە لەگەڵ پرسە نێودەوڵەتییەکان دەکات

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی فشار و رێکارە بازرگانییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیپلۆماتییەکان؟**

- لە راستیدا ئەمە سیاسەتێکی ناتەقلیدی و سیاسەتێکی تێکەڵە و توانیویەتی چەند بەرەوپێشچوونێکیش بەدەست بهێنێت، وەك ئەو رێککەوتنەی بەم دواییە پێداچوونەوەی تێدا کرا لەگەڵ وڵاتی مەکسیکدا، هەروەها کار کرا لەسەر بەکارهێنانی فشاری ئابووری لە دژی رووسیا بە مەبەستی گۆڕینی ئاراستەی سیاسەتی دەرەکیی ئەو وڵاتە کە تا ئێستا ئەم هەوڵەش سەرکەوتوو نەبووە، هەروەها ئەم ئیدارەیە هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ گۆڕینی رێسا بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتی چیندا.

*** بەڵام ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەم شێوازی دروستکردنی فشارە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لەگەڵ کۆریای باکووردا، هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئەوە راستە کە ئەوان وەك بەڵگەی سەرکەوتن ئاماژە بە کەیسی کۆریای باکوور دەکەن لە پەیوەندی بە مومارەسەکردنی فشاری ئابوورییەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی و دیپلۆماسی، کە دواتریش هەوڵ و کۆششی هاوشێوەیان- دروستکردنی فشاری ئابووری- لە ئاست ئێراندا گرتەبەر بە ئامانجی ناچارکردنی ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە، یان دووبارە گفتوگۆ بکاتەوە لەبارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا. لە ئێستادا ئەم هەنگاو و هەوڵانە خراونەتەگەڕ، بەڵام نازانرێت دەرئەنجام و ئاکامەکانی چی دەبن. کەواتە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەزموونێکە لە پەیوەندی بە دروستکردنی فشارەوە لەدژی نەیار و رکاربەرەکانی ئەمریکا لە رێی گرتنەبەری فشار، یان سزای ئابووری و داراییەوە.

*** کەواتە پێتوایە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە رۆحیەتی بازرگانییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا دەکات؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە، چونکە لەسەر ئاستی هەرە باڵای ئیدارەی ئەمریکا- واتە خودی



ویلیام وۆلفۆرس پرۆفسیۆرە لە بەشی حکومەت لە کۆلێژی دارتسمۆس و وانەبێژ و توێژەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و پتر بایەخ بە ئاسایشی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە دەدات و بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و شەڕی ساردو کۆتاییهاتنی ئەم شەڕەو سیاسەتی دەرەوەی رووسیایە. پێشتر وانەبێژ بووە لە زانکۆکانی پرینستۆن و جۆرج تاوون. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ تاتوێکرد، سەرەکیترینیان پەیوەست بوو بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە بەکارهێنانی سزای ئابووری و داراییەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.

سەرۆك ترەمپ- بایەخێکی کەمتر دەدرێت بە پرسی شەراکەت و هاوپەیمانێتی و پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و سیستمی لیبراڵی و بەها لیبراڵییەکان، لە هەمان کاتدا گرنگییەکی زیاتر دەدرێت بە ئەنجامدانی رێککەوتن. هەروەها ئەو خۆشحاڵە بە کارکردن لەگەڵ رژێمە خۆسەپێن و نادیموکراتەکان و بایەخ بە گەیشتن بە رێککەوتن دەدات لەگەڵیاندا، سەرۆك ترەمپ پێیوایە ئەگەر جەخت لەسەر پرسی پەرەپێدانی دیموکراسی نەکرێتەوە لە نێو ئەم وڵاتانەدا، ئەوا ئاسانتر دەتوانێت بگاتە رێککەوتن لەگەڵیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەمە رۆحیەتی کارکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە ئەمریکا، بەڵام هێشتا لە نێو کۆنگرێس و وەزارەتی دەرەوەدا راددەیەك لە پابەندبوون هەیە بە بەها لیبراڵییەکانەوە.

*** باشە تا چ راددەیەك ئەم شێوازە نوێیەی ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەوە لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە سەرکەوتوو و درێژخایەن دەبێت؟**

- زەحمەتە بتوانین ئەمە یەکلابکەینەوە، هەرچونێك بێت ئەگەر ئێمە لە سیاسەتی ئیدارەی پێشوی ئەمریکا بڕوانین- ئیدارەی ئۆباما- ئەوا سیاسەتەکە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا بە ئاراستەی کەمکردنەوەی پابەندبوونەکانی ئەمریکا بوو لە پەیوەندی بە توانای ئەمریکا بۆ دارشتنی سیستمی جیهانی و پەرەپێدانی بە بەها لیبراڵییەکانەوە. ئەوەی سەرۆك دۆناڵد کردی لەم رووەوە ئەنجامدانی ئەم کارە بوو بە شێوەیەکی دراماتیکتر و ریشەییتر بە چەشنێك کە مایەی ناسەقامگیری بێت، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، پێش ترەمپیش ئەم ئاراستەیە بوونی هەبوو، بەڵام کارکردنی ترەمپ بە ئاراستەیەکە کە رەنگە ئەمریکا نەتوانێت پابەندبوونەکانی خۆی لەم رووەوە بگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای سەردەمی ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕ، کە ئەمریکا زۆر جەختی لەسەر پەرەپێدانی دیموکراسی و بەها لیبراڵییەکان دەکردەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەگەر پرسیار لە خەڵکی ئەمریکا بکەیت لەبارەی هاوپەیمانێتی و شەراکەت و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەوا دەبینیت زیاتر مەیلی جیهانگیرییان هەیە —

**لەسەر ئاستی هەرە باڵای ئیدارەی ئەمریکا- واتە خودی سەرۆك ترەمپ- بایەخێکی کەمتر دەدرێت بە پرسی شەراکەت و هاوپەیمانێتی و پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و سیستمی لیبراڵی و بەها لیبراڵییەکان**

بە بەراورد بە پێش دەستبەکاربوونی ئیدارەی ترەمپ، کەواتە بەلای کەمەوە لە نێو بەشێك لە خەڵکی ئەمریکا مەیلێك هەیە بۆ سیستمی نێودەوڵەتی.

*** هەندێ لە چاودێران پێیانوایە ئەم سیاسەتە نوێیەی ترەمپ کە نادڵنیاییەکی زۆری دروست کردووە، دەبێتەهۆی ئەوەی لە مەودای نزیکدا سازش بە هەندێ وڵات بکات، بەڵام لە مەودای دووردا کاریگەری خراپی لەسەر بەرژەوەندی و پێگەی ئەمریکا دەبێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەداو پێموایە ئەم سیاسەتەی ترەمپ کورتبینانەیە، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا چی دەچنێتەوە لە وەرگرتنی ئەم هەڵوێستە توندە و لە دوورخستنەوەی هاوپەیمانەکانی، ئێوە بڕواننە ئەو قسە توندانەی لەبارەی هاوپەیمانە ئەوروپییەکانەوە کردی، ئایا چ بەرهەمێکی هەبوو؟ راستە هەندێ بودجەی بەرگرییان زیاد کرد، بەڵام پێموانییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبووبێت لەسەر ئەو هاوپەیمانێتی و شەراکەتانە.

*** زۆر باس لە هێزی هەڵکشاوی چین دەکرێت و تەنانەت ترەمپ لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەییشدا پتر جەختی لەسەر ململانێی نێوان هێزە گەورەکان کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین-وەك دوو هێزی مەزنی جیهان- بەرەو کوێ دەچێت؟**

- پێموایە چین تەحەددییەکی گەورەیە بۆ ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا، هەرچەندە پێموایە ئەمریکا هێندە توانا و هێزی هەیە کە بتوانێت ئەو تەحەددییە ئیحتیوا بکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا دەتوانێت بە چەشنی پەنجا ساڵی رابردو رۆڵ بگێڕێت لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا بەتایبەتی کە ئێستا چین بۆتە هێزێکی گەورە کە زۆنی ئەمنیی خۆی و ناوچەی دەستڕۆیشتوویی ئابووریی خۆی بەرفراوان دەکات. دووپاتی دەکەمەوە، ئەمریکا دەتوانێت ئەم تەحەددییە ئیحتیوا بکات، بەڵام ئەمە کارێکی سەخت و دژوار دەبێت.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە ئاست وڵاتی ئێراندا؟**

- ئاشکرایە پێشبینیکردنی کاروبارە نێودەوڵەتیەکان زۆر زەحمەتە، ئیدارەی پێشوو- ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما- پێی وابوو گەیشتۆتە باشترین رێککەوتن لەگەڵ ئێراندا و تێڕوانینی وابوو کە زیادکردنی فشارەکان لەسەر ئێران سەرکەوتوو نابێت و دیدگای ئەوە بوو کە ئەمریکا ئەو توانایەی نییە کە تاکلایەنانە ئێران ناچار بکات بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی باشتر، بەڵام ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هاوڕا نییە لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و بە نیازە فشار و سزای ئابووری بەسەر هەموو ئەو هاوپەیمانانەشدا بسەپێنێت کە دەیانەوێت درێژە بە پەیوەندییە بازرگانییەکان بدەن لەگەڵ ئێراندا. بۆچوونی شەخسی منیش ئەوەیە کە ئیدارەی پێشوو هەڵسەنگاندنێکی باشی بۆ دۆخەکە کردبوو، بەڵام ئیدارەی ئێستا تێڕوانینێکی بەرزەفڕانەی هەیە بۆ تواناکانی ئەمریکا و من نازانم ئایا سەرکەوتوو دەبێت لەم رووەوە یان نا.

*** ئایا بە شێوەیەکی گشتی گەشبین نیت بەلەبەرچاوگرتنی ئەو نادڵنیاییەی کە سەرۆك ترەمپ دروستی کردووە؟**

- من نازانم سەرکەوتوو دەبێت یان نا، بەڵام ئیدارەی ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکات دەتوانێت ئامانجەکان لەئاست ئێراندا لە رێی گرتنەبەری سزای ئابوورییەوە بەدەست بهێنێت و گومانیشی تێدا نییە ئێران نەیاری ئەمریکایە و هەندێ هەڵسوکەوتی هەن کە کاریگەری خراپیان لەسەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەبێت. بەڵام ئیدارەی پێشوو- ئیدارەی ئۆباما- بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە توانای ئەوەیان نییە رەفتارەکانی دیکەی ئێران- بەدەر لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکە- بگۆڕن، بەتایبەت لە پەیوەندی بە پشتیوانیکردن لە میلیشیا و کردەوە تیرۆریستییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئیدارەی ئێستا دەڵێت: ئێمە دەتوانین ستانداردی بەرزتر بۆ ئێران دابنێین کە دەبێت بە پێی ئەو ستانداردانە رەفتار بکات، هەرچەندە من پێموانییە ئەمە سەرکەوتوو دەبێت و لەو باوەڕەدا نیم توانای ئەمەمان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەمە وەك ئەگەرێك لەبەرچاو نەگرین.

**چین تەحەددییەکی گەورەیە بۆ ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا، هەرچەندە پێموایە ئەمریکا هێندە توانا و هێزی هەیە کە بتوانێت ئەو تەحەددییە ئیحتیوا بکات**

**ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بە نیازە فشار و سزای ئابووری بەسەر هەموو ئەو هاوپەیمانانەشدا بسەپێنێت کە دەیانەوێت درێژە بە پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ ئێراندا بدەن**

**گومانی تێدا نییە ئێران نەیاری ئەمریکایە و هەندێ هەڵسوکەوتی هەن کە کاریگەری خراپیان لەسەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەبێت**



**ئیان لەستیک**

**تایبەتمەند لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەمینەیەکی لەبارە بۆ بڵاوبوونەوەی گرووپە توندڕەوەکان

**ئیان ستیڤن لەستیك پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسەت لە زانکۆی پەنسلڤانیا و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی بەراوردکاری، سیاسەتی بنیادنراو لەسەر ناسنامە و دامەزراوەکان و پێشتریش سەرۆکی بەشی سیاسەت و مێژوو بووە لە کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ زانستی سیاسی و کۆمەڵەی دیراساتی ئیسرائیلی، هەروەها توێژەر بووە لە چەند سەنتەرێکی گرنگی توێژینەوە، وەك سەنتەری ئاشتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیمانگای ئەمریکی بۆ ئاشتی و لە توێژینەوەکانیدا پتر بایەخ بە ئاکامەکانی داڕووخانی دەوڵەت دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە. ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**ئەمریکا بە هاوکاری کورد و هەندێ هێزی دیکە توانی داعش لە عێراق و سووریا تێکبشکێنێت**

*** وەك كەسێكی شارەزا و تایبەتمەند لە كاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن وێنای بارودۆخی ئێستای ئەم ناوچەیە دەكەیت؟**

- ئاشكرایە كە بارودۆخەكە مایەی نائومێدییەكی گەورەیە و خەڵكی ئەم ناوچەیە لە ئێش و ئازارێكی گەورەدان، هەروەها ئێمە دەزانین ئەوە بۆ چەندین ساڵە پشێوی و شەڕ و داگیركاری و كوشتار و كاولكاری باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا كێشاوە. بە چەشنێك ئەم ناوچەیە پێویستییەكی زۆری بە بنیادنانی ئاشتی و ئاوەدانی هەیە، كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێویستی بە رێكار و رێككەوتنی سیاسی هەیە، خۆ ئەگەر بوترێت كار لەسەر بەدیهێنانی ئەم رێكارە سیاسییانە دەكرێت، ئەوا ئەگەر ئەمە راستیش بێت، ئەم پرۆسەیە زۆر بە سستی بەڕێوەدەچێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوەكرد كە پشێوی و پاشاگەردانییەكی زۆر باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا كێشاوە، بەڵام ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانە چین كە مایەی زۆرترین نیگەرانین؟**

**هەڵوێستی ئەمریکا لە چوارچێوەی کاردانەوە و پەرچەکرداردا دەمێنێتەوە، هەروەها سیاسەتەکانی دژیەکی لە خۆدەگرن و جێی متمانەپێکردن نابن**

- لە راستیدا من نازانم ئاماژە بە كامەیان بكەم، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام نەبوونی سیاسەتێكی جێگیرە لەلایەن ئیدارەی ئەمریكاوە لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەرچەندە مەرج نییە ئەمە خراپترین سیاسەتێك بێت كە ئەمریكا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا گرتبێتیەبەر، چونكە ئێمە دەزانین لە سەردەمی جۆرج بوشی كوڕدا، ئەمریكا سیاسەتێكی روونی هەبوو بۆ سەپاندنی دیموكراسی- لە رێی هێزەوە- لە ناوچەكەدا، بەڵام ئەم سیاسەتە ئەنجامێكی كارەساتباری لێكەوتەوە، ئێستاش دەكرێت سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بەو شێوەیە وەسف بكەن كە كۆمەڵێك خاڵی پێكەوە گرێ نەدراون، بۆ نموونە لە ئێستادا ململانێیەك لە نێو خودی ئەمریكادا هەیە لەبارەی ئەوەی چ سیاسەتێك لە ئاست عێراق و سووریادا پیادە بكرێت و ئایا تا چەند ئەمریكا ئامادەیە سەرچاوەی زیاتر لەو دوو وڵاتەدا بخاتەگەڕ و بەكار بهێنێت.

**رەنگە ئەو لایەنانەی نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێگەیەکی لاوازدا بن، ئەگەر بێتو چاویان لە پشتیوانیی ئەمریکا بێت، رەنگە ئەمەش دەرفەتێک بخوڵقێنێت بۆ ئەوەی هێزەکانی دیکە سوود لە بارودۆخەکە وەربگرن**

*** ئاماژەت بەوەكرد كە سیاسەتی ئیدارەی جۆرج بوشی كوڕ بۆ پەرەپێدانی زۆرەملێیانەی دیموكراسی كارەساتی لێكەوتەوە، ئێستاش ئەوەتا ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە ئاشكرا رایدەگەیەنێت كە ئەمریكا پابەند نابێت بە برەودان بە مافی مرۆڤ و دیموكراسی لە وڵاتانی دیكەدا، ئایا ئەم سیاسەتە بۆچی سەردەكێشێت؟**

- من نازانم بۆچی سەردەكێشێت، بەڵام ناكرێت لە سایەی ئەم ئیدارەیەدا چاوەڕوانی ئەوە بكەین كە ئەمریكا بە شێوەیەكی سیستماتیكی پشتیوانی لەو پرسانە بكات، بەڵكو هەڵوێستی ئەمریكا لە چوارچێوەی كاردانەوە و پەرچەكرداردا دەمێنێتەوە، هەروەها سیاسەتەكانی دژیەكی لە خۆدەگرن و جێی متمانەپێكردن نابن. واتە رەنگە ئەو لایەنانەی نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێگەیەكی لاوازدا بن، ئەگەر بێتو چاویان لە پشتیوانیی ئەمریكا بێت، رەنگە ئەمەش دەرفەتێك بخوڵقێنێت بۆ ئەوەی هێزەكانی دیكە سوود لە بارودۆخەكە وەربگرن، بەتایبەتی كە دەتوانن ئاماژە بەوە بكەن، ئەمریكا بەڵێنەكانی جێبەجێ ناكات لە پەیوەندی بە سیاسەتەكانیەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ نموونە ئەگەر چەكی كیمیایی لە ئیدلب بەكار بهێنرێت، ئەوا رەنگە ئەمریكا كاردانەوەیەكی بەهێز و كورتخانەیەنی هەبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە كە بتوانین پشتی پێ ببەستین بۆ ئەوەی بڵێین ئەمریكا بەدواداچوون و كاری زیاتر لەم رووەوە ئەنجام دەدات.

*** باشە با پرسیارێكی گشتی بكەین سەبارەت بەو ناسەقامگیرییە سیاسییەی لەم ناوچەیەدا هەیە، ئایا هۆكارەكە تەنیا دەستێوەردانی دەرەكییە، یاخود كێشەی بونیادی لە سیستمی حوكمڕانیی ئەم ناوچەیەدا هەیە؟**

- ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٣ و سەروەختی داگیركردنی عێراق لەلایەن ئەمریكاوە، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەمریكا هێرشی كردە سەر رژێمێكی ناشەرعی و لاواز، بەڵام ئەو رژێمە لاوازی و نەبوونی شەرعییەتەكەی بەهۆی بوونی دەزگای هەواڵگری و داپڵۆسینەوە داپۆشیبوو، ئەمە بۆ وڵاتانی سووریا و كەندا و لیبیاش راست بوو، كە هەر دەنگێكی ناڕەزایی و جیاوازیان سەركوت دەكرد، بەڵام كاتێك ئەمریكا لە دەرگایدان و عێراقی داگیركرد، ئەوا وڵاتانی دیكەش دوچاری داڕووخان بوونەوە، ئەوە بوو رژێمی عێراقی بە خێرایی و بە ئاسانی داڕووخا. بەڵام ئەوەی شایستەی ئەوەیە ئاماژەی پێ بكەین، ئەوە بوو كە ئەمریكا رۆڵی چاوەڕوانكراوی خۆی نەبینی لە پەیوەندی بە داڕشتنەوەی دۆخی ئابووری و سیاسی و ئاوەدانكردنەوەی عێراق. واتە ئەم وڵاتەی داگیركرد، بەڵام خاوەندارێتی نەكرد. پوختەی مەسەلەكە ئەوەیە كە من هەموو ئۆباڵەكە ناخەمە ئەستۆی ئەمریكا، چونكە هەلومەرجەكە لە پێش داگیركاریی ئەمریكاشەوە لەرزۆك بوو.

*** پرسیارێکی دیکەی پەیوەندیدار ئەوەیە بۆچی بارودۆخی ئەم ناوچەیە بە چەشنێکە کە هێندە بە ئاسانی ناسەقامگیری باڵی بەسەردا دەکێشێت و بۆچی بە شێوەیەکی خێرا و چاوەڕواننەکراو بەرەو نائارامی دەچێت؟**

- هۆکاری بنەڕەتیی سەرهەڵدانی توندوتیژی بەو خێراییە، یان هۆکاری ئەوەی کە سەقامگیری وڵاتێك بە رەوتێکی خێرا دادەڕووخێت، ئەوەیە کە ئەو سیستەمە سیاسییەی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنیاد نراون زۆر لەرزۆکن، مەبەستم لە لەرزۆکی ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە لەسەر بنەمای ناچارکردن و ترساندن و پێدانی پارە سەقامگیری دەپارێزن، بە گوزارشتێکی دیکە ئەم سیستمانە شەرعییەتیان نییە، واتە لە چاوی خەڵکی وڵاتەکەدا سیستمێکی شەرعی و یاسایی و متمانەپێکراو نین بۆ ئەوەی بڕیار لە ژیان و چارەنووسیان بدات. واتە ئەگەر هاتوو خەڵکەکە حکومەتەکەی بە شەرعی زانی، ئەوا ئامادەی قبووڵکردنی هەڵە دەبن، چونکە باوەڕیان وادەبێت کە حکومەتەکە لە مەودای دووردا کار بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەکات. بەڵام ئەگەر حکومەتەکەیان بە شەرعی نەزانی و پێیان وانەبوو لە سایەیدا یاسا سەروەر دەبێت، ئەوا ئەو کاتە پتر بایەخ بە پاراستنی ژیانی خۆیان دەدەن و لە دۆخێکدا دەبن کە هەر کاتێك حکومەت بڕیارێکی سیاسی لە دژی ئەوان دەرکرد، ئەوا ئامادەی هەڵگرتنی چەك دەبن، ئەمە دۆخەکە بوو لە بەشێکی زۆر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەر کە چەخماخەیەك رووبدات، ئەوا تەواوی بارودۆخەکە بەرەو داڕووخان دەچێت، بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتی یەمەندا بینیمان. هەروەها ئەو دۆخەی لە وڵاتی میسریشدا هەیە، دەکرێت بە دۆخێکی لەرزۆك وەسفی بکەین، کە نازانین لە ئایندەدا بە چ ئاراستەیەدا دەڕوات. راستە حاڵەتی ئیجابییش هەیە، وەك ئەزموونی تونس، هەرچەندە دوچاری دژواریش بۆتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت زۆربەی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە هەست دەکەن ئەو بڕیارانەی دەدرێن لە مەودای دووردا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەکات.

*** کەواتە پەیوەندییەکی دانەبڕاو بەدی دەکەیت لە نێوان ناکارایی دەوڵەت، یان نەبوونی شەرعییەت و سەرهەڵدان و گەشەکردنی گرووپە توندڕەو و توندوتیژەکانی ئەم ناوچەیە کە کاولکاری و کوشتارێکی زۆریان ئەنجام داوە؟**

- ئەمە راستە، چونکە لە حاڵەتی نەبوونی شەرعییەتدا، ئەوا هەر ناکۆکیی و ململانێیەکی بچووك دۆخێك دروست دەکات کە گرووپێکی وەك داعش، یان هەر گرووپێکی دیکە کە خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەك بێت، بتوانێت رۆڵ ببینێت و دەرفەتێك دێتەئاراوە کە خەڵکی گوێی بۆ بگرن و باوەڕی پێ بکەن، چونکە تاوەکو بارودۆخەکە زیاتر مایەی نائومێدی بێت، ئەوا بواری زیاتر دروست دەبێت بۆ ئەوەی ئەو گرووپانە رۆڵی زیاتریان هەبێت. بەڵام کاتێك حکومەتەکە تۆکمە بێت و خاوەن شەرعیەت بێت، ئەوا دەرئەنجامی هەر ململانێ و ناکۆکییەك بە پاشەکشەیەکی کاتی لێکدەدرێتەوە و گەمەکە بەردەوام دەبێت و هەمووان دەتوانن رۆڵی تێدا ببینن و ئەو کاتە کەسە رادیکاڵەکان کە دەیانەوێت سەرلەبەری کۆمەڵگە بگۆڕن، لەلای خەڵکی بە گرووپێکی سەرشێت، یا ناپەیوەندیدار و یا مەترسیدار لێیان دەڕوانرێت. کەواتە لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین هەلومەرجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە دۆخێکی دروست کردووە بۆ بڵاوبوونەوەی گرووپە رادیکاڵەکان.

*** باشە چۆن وەسفی ستراتیژیەتی دژە تیرۆری ئەمریکا دەکەیت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕکردن و تێکشکاندنی داعشەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- شەڕکردن لەگەڵ داعش و تێکشکاندنی کارێکی پێویست بوو، کە رێکخراوێك بوو گەشەی کردبوو و لە چەند ناوچەیەکدا باڵادەست بوو، کە ئەمەش دۆخێك بوو کە ئەمریکا بە ئاسانی دەیتوانی گورزی لێبوەشێنێت و ئێمەش دەزانین ئەمریکا لەم رووەوە شارەزاییەکی باشی هەیە، ئەوە بوو ئەمریکا بە هاوکاری کورد و هەندێ هێزی دیکە توانی داعش لە عێراق و سووریا تێکبشکێنێت. کەواتە ئەمریکا زۆر باشە لە تێکشکاندنی ئەم گرووپانەدا، بەڵام جێی داخە ئەمریکا ئامادە نییە مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامە نەخوازراوەکانیدا بکات، واتە جێی داخە ئەمریکا توانای تێکشکاندنی هەیە، بەڵام پابەندبونێك بەدی ناکەین —نە لای خەڵکی ئەمریکا و نە لای ئیدارەی ئەمریکاوە- بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جددی دەست بداتە بونیادنان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوەتا هەر باسی پلانی ئاشتی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، بەڵام هێشتا ئەو پلانە بەدی نەکراوە و من پێموانییە پلانێکی تۆکمەش گەڵاڵە بکات لەم ئایندەدا.

**ئەمریکا رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی نەبینی لە پەیوەندی بە دارشتنەوەی دۆخی ئابووری و سیاسی و ئاوەدانکردنەوەی عێراق. واتە ئەم وڵاتەی داگیرکرد، بەڵام خاوەندارێتی نەکرد**

**هۆکاری بنەڕەتیی سەرهەڵدانی توندوتیژی بەو خێراییە، یان هۆکاری ئەوەی کە سەقامگیری وڵاتێک بە رەوتێکی خێرا دادەڕووخێت، ئەوەیە کە ئەو سیستمە سیاسییەی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنیاد نراون زۆر لەرزۆکن**

# ئاوڕدانەوە لە ژینگەی دەوروبەری شارەکان و پێشبڕکێی پاکترین گەڕەک

دیارە بەپێی ژمارەی دانیشتووان وەکو یەکێك لە پێوەرەکان شارو شارۆچکەکان لە روویەکەوە پۆلێن دەکرێن بۆ شاری بچووك و مامناوەندی و گەورە، کۆمەڵگە زۆرەملێکانیش کە حکومەتی ئەوسای عێراق دروستی دەکردن، لەپێناو ئامانجی سیاسیدا بوو، بۆیە ئەو کۆمەڵگەیانە کاتی خۆی بەپێی نەخشەیەکی بنچینەیی و دیزاینێکی بنەڕەتی نەخشەبۆ کێشراو لەهەموو روویەکەوە دروست نەکرابوون و، رووبەری نیشتەجێبوون و دابەشکردنی ماڵەکان و بازاڕەکان بەپێی بۆچوونێکی ئەندازیاری نەبوون، زۆرجاریش ئەو کۆمەڵگەیانە لەشوێنی نزیك بە پڕۆژەیەکی چاودێریکراو دروست دەکران. لەدوای راپەڕینیش و لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی ئەو کۆمەڵگەیانەو گۆڕانیان بۆ ناحیەو قەزا، بەڵام بە خزمەتگوزارییەکی کەم و گرفتێکی زۆرەوە، زۆرجار کارگەی زیانبەخش بە ژینگە و تەندروستیی مرۆڤ لە نزیك ئەو شوێنانە هاتوونەتە دانان و، هەندێك جاریش زبڵ و خاشاکی شاریش لە نزیك ئەوانەوە فڕێدراوە و زیانی بۆ ئەوان هەبووە.

ئەمڕۆ زانستی ژینگە دەڵێت: بۆ ئەوەی ژینگەی شارەکان بێ زیان بن، پێویستە ژینگەی شارۆچکەو قەزاو ناحیەو گوندەکانیش سەلامەت و بێ زیان بن، چونکە ناکرێت لە پڕۆژەکانی پەرەپێداندا تەنیا شارە گەورەکان رەچاو بکرێن و، ئەوانی دی پشت گوێ بخرێن، چونکە لە حاڵەتی وادا ئەو شوێنانە، یان بەرەبەرە چۆڵ دەبن بەرەو شار، یان زۆر دەبن لەسەر رووبەرێکی کەمی بێ خزمەتگوزاری و مەرجە ژینگەییەکان.

لە ئێستاو ئایندەدا دەستکردن بە دانانی نەخشەی بنچینەیی بۆ ئەو شوێنانە و دیاریکردنی رێگەوبان و سنوورە کشتوکاڵییەکان و، رێڕەوی ئاوەڕۆکان و، پێداویستییەکانی ئایندەو، رێگەی گەشەسەندنی خانووبەرە لە ئەرکە لەپێشینەکانن.

هەروەها بایەخدان و پێشخستنی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و تەندروستی و گواستنەوە و پیشەسازی خۆراك و، پڕۆژەکانی بیناسازی و خزمەتگوزاری و وەرزشی و هونەری و بنیادنانی هۆڵی رۆشنبیری و کتێبخانە و تۆڕەکانی وزەی کارەبا و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و مامەڵەکردنی زانستییانە لەگەڵ ئاوەڕۆکان و زبڵ و خاشاکدا، هەموو ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی نەخشە بۆکێشراو بە مەبەستی باشترکردنی ژینگەی ئەو کۆمەڵگەیانەی جاران کە ئێستا لە رووبەر و ژمارەی دانیشتوواندا زۆر گەورەترو زیاتر بوون.

کۆمەڵگەکانی دەرەوەی شارەکان کە رەچاوی پێگەی جوگرافی نەکراوە لە هەڵبژاردنیان بۆ نیشتەجێبوون لە زۆر رووی ژینگەیی و تەندروستییەوە، پێویستیی زۆریان بە پاراستن هەیە لە زیانی ئەو کارگە و پڕۆژانەی کە لە نزیك ئەوانەوەن، وەك پڕۆژەکانی پەلەوەر و کارگەکانی قیڕ و رۆنی کۆن چارەسەرکردن و کارگەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ، بەرد شکاندن و گەچ بەرهەمهێنان.

ئەمە جگە لە پێویستیی پاراستنی شوێنی نیشتەجێبوونیان بە پەرژینی سەوزو زیادکردنی رووبەری سەوزایی و باخچەکان کە کاریگەریی زۆریان دەبێت لەسەر گلدانەوەی تەپ و تۆز لەسەر دانیشتووانی ئەو شوێنانە و شارەکانیش، چونکە پاراستنی راستەقینەی ژینگەی شارە گەورەکان لە پاراستنی ژینگەی قەزاو ناحیەو



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

گوندەکانی دەوروبەرەوە دەست پێدەکات، زۆر میکانیزمی ئاسان و ساکاریش هەن بۆ ئەوەی هاووڵاتییانیش ببنە هاوکاری دامودەزگاکانی حکومەت لەم پرۆسەی پاراستنی ژینگەیەدا، بۆ نموونە پرۆژەیەك، یان دەستپێشخەرییەکی وەك:

### ● پێشبڕکێی پاکترین گەڕەك

ولاتانی تازە گەشەسەندوو، یان ئەوانەی بە قۆناغی راگوزاریدا تێپەڕ دەبن لە سیستمێکی تۆتالیتارەوە بەرەو سیستمی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد، پێویستییەکی یەکجار زۆریان هەیە بە جۆرێك لە راهێنان لەسەر وازهێنان لەپشتبەستنی رەها بە حکومەت لە هەموو شتێکدا، بەرەو کەلتوورێك کە تیایدا تاکیش رۆڵی خۆی هەیە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش توانای دەستپێشخەری و پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی ئەوتۆیان هەیە، کە برێك لە ئەرکە گشتییەکان لەئەستۆ بگرن.

لە زۆرێك لەو ولاتانەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەستانەوە، حکومەت بە مەبەستی بەشداری پێکردنی خەڵك و جەماوەر لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەدا، چەندین شێوازی پێشبڕکێی جۆراوجۆری هێنایەئارا، کە یەکێکیان لە چەشنی (پرۆژەی پاکترین گەڕەکی شار)ە.

ئەم جۆرە پرۆژەیە بۆی هەیە جۆرێك لە پێشبڕکێ بێنێتە ئاراوە کە تا رادەیەك گۆڕانکاری لە هزرو بیری هاووڵاتییاندا دروست بکات بە ئاراستەی متمانە بەخۆبوون و پشت بەخۆبەستن.

### ● ئامانج لە پرۆژە:

یەکەم: پاراستنی ژینگەی شار لە پیسبوون.

دووەم: بەشداریی پێکردنی راستەوخۆی هاووڵاتییان لەسەرخستنی پلانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا.

سێیەم: بەهێزکردنی گیانی لێپرسراوێتی لای هاووڵاتییان.

چوارەم: زیندووکردنەوەی رێسای (ماف) لە بەرامبەر (ئەرك)دا.

### ● میکانیزمی جێبەجێکردنی پرۆژە:

١. شارەوانی سنووری جوگرافی هەر گەڕەکێك بۆ هاووڵاتییان دیاری بکات.

٢. پێکهێنانی لیژنەی بەسەرکردنەوەی گەڕەکەکان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣. لیژنەکان مانگی یەك جار سەردانی گەڕەکەکانیان بکەن لە کاتی (دیاریکراو)داو لە بەرامبەر رادەی پاك و خاوێنیی گەڕەکدا نمرەی دیاریکراو دادەنێن.

٤. سەرەتای دەستبەکاربوونی لیژنەکان لە رۆژی نیشتمانیی ژینگەوە دەبێت و هاووڵاتییان ئاگادارەدەکرێنەوە لە وردەکاریی پرۆژەکە.

٥. لە کۆتایی ساڵداو بە تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دەستپێکردنی هەڵمەتەکەدا، کۆی نمرەی هەر گەڕەکێك لەو ساڵەدا ئاشکرا دەکرێ و پاکترین (٣) گەڕەکی شار دیاری دەکرێت.

٦. خەڵاتی گەڕەکە براوەکان دەکرێت بە یەکێك لەم شێوازانەی خوارەوە بێت:

یەك: پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی تایبەت بۆ ئەو گەڕەکە.

دوو: دابەشکردنی دیارییەکی بەنرخ بەسەر هەر ماڵێکی ئەو گەڕەکەدا.

سێ: هەر پرۆژەیەکی پێویست کە خەڵکی گەڕەك کۆك بن لەسەری و پێویستیی زۆریان پێی هەبێت.

## کێشەکانی میدیا لە هەرێم

## بەشی چوارەم

# ڕۆژنامەنووس

کاری ڕۆژنامەنووسی ئەڵبەتە لە کوردستان لە سەرەتای دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەسەر دەستی بەدرخانییەکان بە ئەزموون دەستی پێکردووەو ئیتر بەم شێوەیە ڕۆیشتووە، دەتوانین بڵێین لە باشووری کوردستانی خۆمان تا ساڵی ٢٠٠٠ەکان بۆ یەکەم جار بەشی خوێندنی میدیایی کراوەتەوە. هەرچەندە کێشەی کاری ڕۆژنامەنووسی تەنیا خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە بە ئەکادیمی دەستی پێنەکردووە، چونکە ئەزموون و خولیاش بنەمایەکی سەرکەوتنە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی، بە خوێندنی بنەماکانیش بە زانستی، سەرکەوتنی زیاتر و پڕۆفیشناڵیی زیاتر دەدات بە کارەکە، بەڵام گرفتی سەرەکیی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان لە چەند خاڵێکدا دەبینین.

یەکەم: گرفتی پیشەیی کە تاکو ئێستا کارەکەی بە پیشە نەناسراوە، وەك هەر پیشەیەکی تری نموونەی وەك مامۆستایی،پزیشکی، ئەندازیاری و...هتد، ئەمە وای کردووە کە کارکردنی ڕۆژنامەنووس هیچ گەرەنتییەکی مافەکانی نەبێت لە ڕووی مووچە، خانەنشینی، مۆڵەتی نەخۆشی، پشووی ساڵانە، مۆڵەتی دایکایەتی، ئیفادو...هتد. لەکاتی نەبوونی ئەم مافانە، یان دەستنەکەوتنی کار ڕۆژنامەنووس مافی داکۆکی لەخۆکردنی نییە.

دووەم: نەبوونی یاسایەکی تۆکمە بۆ داکۆکی و پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووس، ماف و گیان و سەلامەتی، ئەوەی کە بەدی دەکرێت لە یاسا بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی یاسای ژمارە ٣٥ ساڵی ٢٠٠٧ی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش زۆرتر باسی ئازادیی کارەکەی کردووە، سەرەڕای نەبوونی بەندی بەهێز بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە و پاراستنی ڕۆژنامەنووس لە کاتی مومارەسەکردنی ئەو ئازادییە. ئەمە وای کردووە کە ڕۆژانە و ساڵانە پێشێلکارییەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووس تا بێت، زیاتر دەبێت تا ئاستی کوشتن و لێدان و ئیهانەکردن و...هتد

سێیەم: دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن، یەکێك لەو پێشێلکارییانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبێتەوە، وەك زۆربەی دەزگا ڕاگەیاندنە جیهانییەکان کە یاسایەکیان هەیە بە ناوی ‹حقوق الصحفي داخل المؤسسات الاعلامية› وەك نموونەی کەناڵی ئەلجەزیرە و بی بی سی و ئەلعەرەبییە و...هتد کە دیاری دەکات ئەو دەزگایە چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکانی دەکات لە ڕووی کرێی ئیش و کات و گرێبەست و مۆڵەت و...هتد، ئەمە لە هەرێمی کوردستان بە مەزاجی بەڕێوەبەری کەناڵ و بەرپرسانی ژوورەکانی دەزگاکەیە کە چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسە، بۆیە ڕۆژانە ڕۆژنامەنووس دەبینین سکاڵا دەکات لە پێشێلکارییەکان کە دەکرێت بەرامبەری



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە دەزگاکان و لە لایەن بەرپرسان تا ئاستی تەحەروش پێکردن و ئیستیغلالکردن، بەتایبەتی بۆ رۆژنامەنووسانی مێینە.

چوارەم: کێشەیەکی تری رۆژنامەنووس لەم هەرێمەدا حزبیبوونی دەزگا میدیاییەکانە، ئەو کات پێوەر نییە بۆ وەرگرتنی رۆژنامەنووسی بەتوانا و سزا و خەڵاتکردن لە بەرامبەر کارەکەیان، رۆژنامەنووس دەبێت سەر بەو لایەنە بێت تاکو لە دەزگاکە جێگای ببێتەوە، جگە لەمەش کاریگەری لەسەر دەستکراوەیی رۆژنامەنووس و نەپاراستنی بێلایەنی و کێشەی پرۆفیشناڵی و ئیتیکی رووبەڕوو دەبێتەوە، چونکە زۆرجار میدیاکان لە پێناو جێبەجێکردنی ستراتیژی حزبەکەیان پرۆفیشناڵی بوون و ئیتیکی بوون دەخەنە لاوە.

پێنجەم: سەرچاوەی زانیاری و دەستکەوتنی زانیاری، گرفتێکی سەختی رۆژانەی بەردەم رۆژنامەنووسە، کە نەک زانیارییەکانی بە راستی و ئاسانی دەست ناکەوێت، بەڵکو رۆژانە دەبێتە قوربانیی پێشێلکارییەکان کە بەشێکی زۆری لە پێناو چوونی بەدوای زانیاریدایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێنەکردنی یاسای دەستکەوتنی زانیاری بە شێوەیەکی رێکوپێک، هەرچەندە تێبینیی زۆریش لەسەر یاساکە و کەموکوڕییەکانی هەیە، بەڵام جێبەجێنەکردنی ئەوەشی کە هەیە، گرفتەکەی بۆ رۆژنامەنووس یەکجار گەورە کردووە.

شەشەم: قەیرانی ناسنامەی تەکنیکی و پیشەیی، یەکێك لە باسە گرنگەکانی توێژینەوەی میدیا لە جیهاندا ناسنامەی تەکنیکی و پیشەیی رۆژنامەنووسە، ئەویش لەبەر ئەو گەشە بەرچاوەی تەکنەلۆجیا کە هێندە خێرایە، رۆژنامەنووس پێی راناگات بزانێت چۆن ئامێرێك بەکاردێنێت، ئامێرێکی تر و جۆرێکی تر لە فۆرمەکانی کاری رۆژنامەنووسی سەرهەڵدەدات، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە سەنتەری خول و راهێنان نییە و رۆژنامەنووس رۆژانە ئەپدەیت ناکرێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنانە.

چارەسەر:

١-بە پیشە ناساندنی کاری رۆژنامەنووسی بە یاسا.

٢-ئەکتیڤکردنی یاسای دەستخستنی زانیاری و ئازادیی کاری رۆژنامەنووسی.

٣-ئامادەکردنی یاسای مافی رۆژنامەنووس لەناو دەزگا راگەیاندنەکان بە سوودوەرگرتن لە یاسای دەزگا جیهانییەکان.

٤- رێکخستنی میدیا و کەمکردنەوەی میدیای حزبی.

٥-بەرپرسکردنی ئۆرگانێك بۆ بەردەوام گەشەدان بە تواناکانی رۆژنامەنووس بە کردنەوەی خول و راهێنانی بەردەوام .